تا ژیان بەردەوام بێ، خەبات بەردەوامە

ماسك بەستن

XEBAT

خەبات

رۆژنامەیەکی سیاسیی رۆژانەیە
ئۆرگانی پارتی دیموکراتی کوردستانە

ژمارە(6008) دووشەممە 21ی ئەیلوول 2020 "16" لاپەڕە "500" دینار

پەیامی پیرۆزبایی مەکتەبی سیاسی پارتی دیموکراتی کوردستان بۆ ساڵیادی دامەزراندنی یەکێتی زانایانی ئایینی ئیسلامی کوردستان

(دەقی پەیامەکە لە ل3 بخوێنەوە)



سەرۆک بارزانی پێشوازی لە کونسوڵی تازەی ئاڵمانیا لە شاری هەولێر دەکات

دوێنێ یەکشەممە ٢٠ـی ئەیلوولی ٢٠٢٠ لە سەلاحەددین سەرۆک مەسعود بارزانی پێشوازی لە کونسوڵی تازەی ئەڵمانیا لە هەولێر کرد.

لە دیدارەکەدا کلیمێنس سمتنێر کونسوڵی ئاڵمانیا وێرای خۆناساندن سوپاسی داموەدزگەی هەرێمی کوردستانی کرد کە لە هەموو ئاستەکاندا مامەڵە و هەماهەنگیی باشیان لەگەڵ کونسوڵخانە و تیمی دیپلۆماسیی وڵاتەکەی لە هەرێم کردووە. هەروەها جەختیشی لە پشتیوانیی ئەڵمانیا بۆ هەرێمی کوردستان و عێراق و پەرەپێدانی پەیوەندییەکان کردەوە.

هەر لەو کۆبوونەوەیەدا سەرۆک بارزانی هیوای سەرکەوتنی بۆ کونسوڵی تازەی ئەڵمانیا خواست لە ئەرک و کارەکانیدا.

زۆرینەی لایەنە سیاسییەکان رێککەوتوون هەر پارێزگایەک بکرێتە چوار بازنەی هەڵبژاردن



پەرلەمانتارێکی عێراق پێیوایە هەڵبژاردنی پێشووەختەی عێراق چەند مانگێک دواەخرێت و لە کۆتایی ئەم خولەی ئێستای پەرلەمان، نزیک دەکرێتەوە.

عادل لامی، ئەندامی لیژنەی هەمواركردنی یاسای هەڵبژاردن لە پەرلەمانی عێراق بە میدیاکانی وڵاتەکەی راگەیاندووە، زۆرینەی لایەنە سیاسییەکان رێککەوتوون لەسەر ئەوەی هەر پارێزگایەک بکرێتە چوار بازنەی هەڵبژاردن.

(زیاتر لە ل3 بخوێنەوە)

مەلا بەختیار ئەندامی ئەنجوومەنی باڵای سیاسی و بەرژەوەندییەکانی یەکێتی

ئەگەر ئێستاش رِیفراندۆم بکرێت دووبارە دەنگی پێدەدەمەوە



مەلا بەختیار ئەندامی ئەنجوومەنی باڵای سیاسی و بەرژەوەندییەکانی یەکێتی رایگەیاند، پەیوەندییەکانی یەکێتی و پارتی لە ڕووی سیاسییەوە لەم قۆناغەدا گرنگ و چارەنووسسازە، پێویستە ئەو دوو حزبە زیاتر لە یەکتری نزیک ببنەوە و پێویستە یەکێتی و پارتی و گۆڕان ببن بە سێکوچکەی بەڕێوەبردنی حکوومەتی هەرێمی کوردستان.

(زیاتر لە ل2 بخوێنەوە)



رێگە بە هاوواڵاتییانی وڵاتانی دراوسێ نادرێت لە رێورەسمی چلەی ئیمام حوسێن سەردانی عێراق بکەن

وەزیری تەندروستیی و ژینگەی عێراق، حەسەن تەمیمی رایگەیاند کە پلانێکی باشیان بۆ رێورەسمی چلەی ئیمام حوسێن ئامادەکردووە و ئاماژە بەوەیش دەکات کە بڕیارێنداوە رێگە بە هاوواڵاتییانی وڵاتانی دراوسێ نەدرێت بۆ بەشداریکردن لە رێورەسمی چلەی ئیمام حوسێن سەردانی عێراق بکەن.

(زیاتر لە ل3 بخوێنەوە)

بڕیارە حکوومەتی عێراق لە ماوەیەکی نزیکدا پرۆژەیاسای بودجەی گشتی رەوانەی پەرلەمان بکات



جێگری سەرۆکی پەرلەمانی عێراق رایگەیاند، بڕیارە حکوومەتی عێراق لە ماوەیەکی نزیکدا پرۆژەیاسای بودجەی گشتی رەوانەی پەرلەمانی عێراق بکات و، هەر کاتێکیش گەیشتە پەرلەمان، دەست بە گفتوگۆکردن لەسەری دەکرێت.

(زیاتر لە ل2 بخوێنەوە)

لە چ کاتێکدا پێویستە ماسك ببەستین؟

لە کاتی چوونە دەرەوە لە ماڵەوە بۆ هەر مەبەستێك پێویستە ماسك ببەستیت



www.gov.krd

#بەماسکەوە

داقووق.. هێرش کرایە سەر گوندێکی کاکەییەکان

بەرپرسێکی حزبی رایگەیاند لە خاڵێکی پۆلیسی فیدراڵیی عێراقەوە تەقە لە گوندێکی کوردانی کاکەیی لە سنووری قەزای داقووقی سەر بە پارێزگای کەرکووك کراوە و ئەوەش ترس و دڵەڕاوکێی لای دانیشتوانی گوندەکە دروست کردووە.

(زیاتر لە ل3 بخوێنەوە)





6 هەولێر و مەلەگای ئیسپانی دەبنە دەستەخوشک

مەلا بەختیار:

ئەگەر ئێستاش ڕیفراندۆم بکرێت دووبارە دەنگی پێدەدەمەوە

پێویستە پارتی و یەکێتی و گۆڕان ببن بە سێکوچکەی بەڕێوەبردنی حکوومەت



مەلا بەختیار ئەندامی ئەنجوومەنی باڵای سیاسی و بەرژەوەندییەکانی یەکێتی ڕایگەیاند، پەیوەندییەکانی یەکێتی و پارتی لە ڕووی سیاسییەوە لەم قۆناغەدا گرنگ و چارەنووسسازە، پێویستە ئەو دوو حزبە زیاتر لە یەکتری نزیک ببنەوە و پێویستە یەکێتی و پارتی و گۆڕان ببن بە سێکوچکەی بەڕێوەبردنی حکوومەتی هەرێمی کوردستان.

ئێوارەی ڕۆژی شەممە مەلا بەختیار ئەندامی ئەنجوومەنی باڵای سیاسی و بەرژەوەندی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، لە پەراوێزی مەراسیمی بڵاوکردنەوەی کتێبەکەی (لەبری بیرەوەری) لە کۆنفرانسێکی ڕۆژنامەوانیدا ڕایگەیاند: "پەیوەندیی یەکێتی و پارتی لە ڕووی سیاسییەوە بۆ ئەم قۆناغە چارەنووسسازە و پێشتر باسی ئەوەم کردووە کە دەبێت یەکێتی و پارتی و گۆڕان خۆیان بکەن بە سێکوچکەی بەڕێوەبردنی حکوومەتی هەرێمی کوردستان، بۆئەوەی بتوانن دۆخەکە چارەسەربکەن، جێگرەوەی یەکێتی و پارتی چییە با خەڵک بەدیلەکەیم پێ بڵێت، پێشتر بزووتنەوەی گۆڕان دامەزرا دواتر خۆپیشاندانەکانی ١٧ی شوبات ڕوویدا ئایا توانیان ببن بە جێگرەوە؟ ئێستا ئۆپۆزسیۆن هەیە دەتوانێت بڵێت، من جێگرەوەی یەکێتی و پارتی و گۆڕانم؟".

مەلا بەختیار ڕاشیگەیاند: ڕاستە ئۆپۆزسیۆن هەیە بەڵام، جێگرەوەیەک بەو مانایە نییە کە سیستەمێکی سیاسی و فکری و فەلسەفی جێگەی تێدا بێتەوە، ڕەخنە و نارەزایەتی نابێتە جێگرەوە، بۆیە ئاساییبوونەوەی پەیوەندییەکانی یەکێتی و پارتی بە گرنگ دەزانم.

مەلا بەختیار سەبارەت بە سااڵیادی ڕیفراندۆمی سەربەخۆی کوردستانیش ڕایگەیاند: "ئەگەر ئێستاش ڕیفراندۆم بکرێت دەچم دەنگی پێ دەدەم، چونکە ڕیفراندۆم بە مافێکی دیموکراسیی نەتەوەکەمی دەزانم بۆ هەموو بەشەکانی کوردستان، بەڵام ئایا کاتەکەی کەی دەبێت، چۆن و بە چ شێوەیەک لەسەر وردەکارییەکەی ڕێکدەکەون، ئەوە پرسێکە گفتوگۆ زۆر هەڵدەگرێت، بەڵام وەکوو پرەنسیپ و ستراتیژ ئێمە وەکوو گەلی کوردستان لە هەموو بەشێکی کوردستان مافی خۆمانە ڕیفراندۆم بکەین، چونکە داوای مافێکی دیموکراسی دەکەین.



جێگری سەرۆکی پەرلەمانی عێراق:

بڕیارە حکوومەت لە ماوەیەکی نزیکدا پڕۆژەیاسای بودجەی گشتی ڕەوانەی پەرلەمان بکات

جێگری سەرۆکی پەرلەمانی عێراق ڕایگەیاند، بڕیارە حکوومەتی عێراق لە ماوەیەکی نزیکدا پڕۆژەیاسای بودجەی گشتی ڕەوانەی پەرلەمانی عێراق بکات و، هەر کاتێکیش گەیشتە پەرلەمان، دەست بە گفتوگۆکردن لەسەری دەکرێت.

دکتۆر بەشیر خەلیل حەداد، بە ماڵپەڕی فەرمیی پارتیی ڕاگەیاندووە: پرۆژەیاسای بودجەی گشتیی عێراق تاوەکو ئێستا نەگەیشتووەتە پەرلەمانی عێراق و حکوومەت ئامادەی کردووە و بڕیارە بەم زووانە ڕەوانەی پەرلەمان بکرێت. حەداد ئەوەشی گوتووە: هەر کاتێک پڕۆژەیاساکە گەیشتە پەرلەمان، گفتوگۆی لەسەر دەکرێت و دەخرێتە دەنگدانەوە بۆ پەسەندکردن. بەشیر حەداد دەشڵێ: تا ئێستا دیار نییە کە پشکی کورد لەو پڕۆژەیاسایەدا چەندە تاوەکو دەگاتە پەرلەمان.

ناسرییە.. چالاکوانێکی خۆپیشاندانەکان لەلایەن ژمارەیەک چەکداری نەناسراو ڕفێندرا



عێراق.. بڕیاری قەدەغەی گەشتکردن بۆ ئەفسەرێکی باڵا بەتۆمەتی کوشتنی خۆپیشاندەران دەرکرا



سەرۆکوەزیرانی عێراق، مستەفا کازمی بەتۆمەتی تێوەگلان لە کوشتنی خۆپیشاندەران لە باشووری عێراق بڕیاری قەدەغەی گەشتکردنی بۆ ئەفسەرێکی باڵا لە وەزارەتی بەرگریی دەرکرد. گوتەبێژی حکوومەتی عێراق، ئەحمەد مولا تەڵال لە تویتێکدا ڕایگەیاندووە کە مستەفا کازمی بڕیاری قەدەغەی گەشتکردنی بۆ فەریق جەمیل شەممەری دەرکردووە کە ناوبراو تێوەگلاوە لە کوشتنی خۆپیشاندەرانی شاری ناسرییە سەنتەری پارێزگای زیقار.

ئەحمەد مولا تەڵال ڕوونی کردووەتەوە کە ئەو بڕیارە دوای ئەوە دێت، مولەتێکی ساختە بە فەریق جەمیل شەممەری دراوە لەوەی بتوانێت بۆ چارەسەرکردنی پزیشکی گەشتی دەرەوە بکات. لە بەرەبەیانی ٢٨ی تشرینی دووەمی ٢٠١٩دا، هێزێکی ئەمنی کە لە دەرەوەی پارێزگای زیقار ڕەوانەکرابوون، هێرشیانکردە سەر خۆپیشاندەران لە نزیک پردی زەیتون ناوەڕاستی ناسرییە کە لە ئاکامدا، ٣٢ خۆپیشاندەر کوژراون و ٢٢٠ی دیکەیش بریندارببوون.

ئەو هێرشە دوای ڕۆژێک لە گەیشتنی فەریق جەمیل شەممەری بۆ زیقار ڕوویدا کە ئەو کات لەلایەن سەرۆکوەزیرانی پێشووی عێراق، عادل عەبدولمەهدی دوای چەند کاتژمێرێک لە هێرشەکەی سەر خۆپیشاندەرانی نزیک پردی زەیتون، فەریق جەمیل شەممەری لە پۆستەکەی دوور خستبووە و لەو کاتەوە تا ئێستا هیچ پۆستێکی پێ نەدراوە، بەڵام لە وەزارەتی بەرگریی عێراق خزمەتی دەرکرد.

خۆپیشاندانەکانی عێراق کە لە تشرینی یەکەمی ٢٠١٩دا دژبە گەندەڵی و پارتە دەسەڵاتدارەکان دەستی پێکرد هێشتا بەردەوامە و سەرکەوتووبوو کە لە ڕووخاندنی حکوومەتی پێشوو بە سەرۆکایەتی عادل عەبدولمەهدی. بەپێی ئامارە فەرمییەکان لە میانی خۆپیشاندانەکانی عێراقدا، ٥٦٥ خۆپیشاندەر و کارمەندی هێزە ئەمنییەکان کوژراون. حکوومەتی ئێستای عێراق بەسەرۆکایەتی مستەفا کازمی کە لە مانگی ئایاری ڕابردووە دەست بەکاربووە بەلێنی داوە سەرجەم ئەو کەسانەی کە تێوەگلاون لە کوشتنی خۆپیشاندەران و چالاکوانانی خۆپیشاندانەکان، دادگایی بکات.

زیقار بە ئامانجی کۆنترۆڵکردنی ڕەوشی ئەمنی و سەپاندنی یاسا دەست نیشانکرابوو.

چالاکوانانی خۆپیشاندانەکان، فەریق جەمیل شەممەری بەوە تۆمەتبار دەکەن کە پێشتر فەرمانی تەقەکردنی لە خۆپیشاندران بە هێزە ئەمنییەکان داوە. سەرۆکوەزیرانی پێشووی عێراق، عادل عەبدولمەهدی دوای چەند کاتژمێرێک لە هێرشەکەی سەر خۆپیشاندەرانی نزیک پردی زەیتون، فەریق جەمیل شەممەری لە پۆستەکەی دوور خستبووە و لەو کاتەوە تا ئێستا هیچ پۆستێکی پێ نەدراوە، بەڵام لە وەزارەتی بەرگریی عێراق خزمەتی دەرکرد.

خۆپیشاندانەکانی عێراق کە لە تشرینی یەکەمی ٢٠١٩دا دژبە گەندەڵی و پارتە دەسەڵاتدارەکان دەستی پێکرد هێشتا بەردەوامە و سەرکەوتووبوو کە لە ڕووخاندنی حکوومەتی پێشوو بە سەرۆکایەتی عادل عەبدولمەهدی. بەپێی ئامارە فەرمییەکان لە میانی خۆپیشاندانەکانی عێراقدا، ٥٦٥ خۆپیشاندەر و کارمەندی هێزە ئەمنییەکان کوژراون. حکوومەتی ئێستای عێراق بەسەرۆکایەتی مستەفا کازمی کە لە مانگی ئایاری ڕابردووە دەست بەکاربووە بەلێنی داوە سەرجەم ئەو کەسانەی کە تێوەگلاون لە کوشتنی خۆپیشاندەران و چالاکوانانی خۆپیشاندانەکان، دادگایی بکات.

سەرچاوەیەکی سەربازی لە عێراق ڕایگەیاند کە لە میانی هێرشی ژمارەیەک چەکداری نەناسراو بۆسەر چالاکوانانی خۆپیشاندانەکان لە شاری ناسرییە سەنتەری پارێزگای زیقار.

یاسین تەمیمی ئاماژەی بەوەیش دا کە لە میانی هێرشەکەدا، چالاکوانێک بە ئاوی سەجاد مشرفاوی ڕفێندراوە و چالاکوانێکی دیکەیش بریندارکراوە. باسی لەوەیش کرد کە هێزە ئەمنییەکان هەوڵەکانیان بە ئامانجی ڕزگارکردنی چالاکوانە ڕفێندراوەکە و دەستگیرکردنی چەکدارەکان، خستووەتەگەڕ.

بەم دواییانە لە ژمارەیەک پارێزگای عێراق لەسەرووبانەوە زیقار ژمارەیەک چالاکوانی خۆپیشاندانەکان لەلایەن چەکدارانی نەناسراوەوە، تیرۆرکران. لە کۆتایی ئابی ڕابردوودا سەرۆکوەزیرانی عێراق، مستەفا کازمی ناشکرای کردبوو کە لە دۆسیەی تیرۆرکردنی خۆپیشاندەران و چالاکوانانی خۆپیشاندانەکان، گەیشتوون بە سەرەداوی گرنگ.

ئەمەیش لە کاتێکدا خۆپیشاندانەکان دژبە گەندەڵی و بۆ لابردنی بەرپرسان لە پۆستەکانیان لە ژمارەیەک شار و شارۆچکەی باشوور و ناوەڕاستی عێراق دریژەی هەیە و لە میانی چەند هەفتەیەی ڕابردوودا، خۆپیشاندانەکان فراوانتر کران کە لە میانیاندا داوا کرا کە بکۆژای خۆپیشاندەران ئاشکرا بکرێن.

خۆپیشاندانەکانی عێراق کە لە تشرینی یەکەمی ٢٠١٩دا دەستی پێکرد هێشتا بەردەوامە و سەرکەوتووبوو کە لە ڕووخاندنی حکوومەتی پێشوو بە سەرۆکایەتی عادل عەبدولمەهدی. بەپێی ئامارە فەرمییەکان لە میانی خۆپیشاندانەکانی عێراقدا، ٥٦٥ خۆپیشاندەر و کارمەندی هێزە ئەمنییەکان کوژراون و ٢٢٠ی دیکەیش بریندارببوون.

سوپای عێراق: لە میانی ئۆپەڕاسیۆنەکە هەشت تۆمەتبار دەستگیرکراون

ئۆپەڕاسیۆنی سوپای عێراق بۆ دەستبەسەرداگرتنی چەکی بێ مۆڵەت لە میسان

سوپای عێراق ڕایگەیاند کە لە میانی ئۆپەڕاسیۆنی دەستبەسەرداگرتنی چەکی بێ مۆڵەتدا لە پارێزگای میسان ڕۆژهەاڵتی عێراق، هەشت تۆمەتبار دەستگیرکراون. دوێنێ یەکشەممە شانەی ڕاگەیاندنی ئەمنی سەربە ئۆپەڕاسیۆنە هاوبەشەکانی عێراق لە ڕاگەیەندراوێکدا بڵاوی کردەوە کە هێزەکانی فیرقەی بەرپەرچدانەوەی خێرا، ئۆپەڕاسیۆنێکیان بە ئامانجی دەستبەسەرداگرتنی چەکی بێ مۆڵەتدا لە پارێزگای میسان ئەنجامداوە.

بەپێی ڕاگەیەندراوەکە لە میانی ئۆپەڕاسیۆنەکەدا، هەشت تۆمەتبار دەستگیرکراون. ماوەی چەند هەفتەیەکە، هێزەکانی سوپا و پۆلیسی عێراق، ئۆپەڕاسیۆن بە ئامانجی دەستبەسەرداگرتنی چەکی بێ مۆڵەت و دەستگیرکردنی داواکراوان لە ژمارەیەک پارێزگای عێراق، ئەنجام دەدەن.



تا ئێستا ١١ گوندی کاکەییەکان لە داقووق چۆڵ کراون

داقووق.. هێرش کرایە سەر گوندێکی کاکەییەکان

بەرپرسێکی حزبی رایگەیاند لە خاڵێکی پۆلیسی فیدراڵیی عێراقەوە تەقە لە گوندێکی کوردانی کاکەیی لە سنووری قەزای داقووقی سەر بە پارێزگای کەرکووک کراوە و ئەوەش ترس و دڵەڕاوکێی لای دانیشتوانی گوندەکە دروست کردووە. هیوا ڕەشید، بەرپرسی ناوچەی داقووقی پارتی بە باسنیوزی ڕاگەیاندووە: ڕۆژی شەممە ٢٠٢٠/٩/١٩، بە چەکی جۆری بیکەیسی و دۆشکە تەقەیەکی زۆر لە گوندی (تۆپزاوا)ی کاکەییەکانی سەر بە قەزای داقووق کراوە.

ئەو بەرپرسە ئەوەشی گوتووە: ئاراستەی تەقەکەکان لە خاڵێکی پۆلیسی فیدراڵیی عێراقەوە بووە بۆ گوندەکە و فیشەك بەر چەندین ماڵ کەوتووە، هەرچەند زیانی گیانی بەدواوە نەبووە، بەڵام ترس و دڵەڕاوکێی لای دانیشتوانی گوندەکە دروست کردووە. جێی باسە کوردانی کاکەیی لە سنووری داقووق خاوەنی ١٥ گوندن، بەڵام بەهۆی هێرش و پەلامارەکانی داعش و حەشدی شەعبییەوە ئێستا تەنیا چوار گوند خەڵك تێیدا نیشتەجێن و ئەوانی دیکە چۆڵ کراون.



پەیامی پیرۆزبایی مەکتەبی سیاسی پارتی دیموکراتی کوردستان بۆ ساڵیادی دامەزراندنی یەکێتی زانایانی ئایینی ئیسلامی کوردستان

بەڕێزان/ سەرۆك و ئەندامانی مەکتەبی تەنفیزی یەکێتی زانایانی ئایینی ئیسلامی کوردستان

بەبۆنەی یۆبێلی زێرین و (٥٠)هەمین ساڵیادی دامەزراندنی یەکێتی زانایانی ئایینی ئیسلامی کوردستان، گەرمترین پیرۆزبایی لە ئێوە و ئەندامانی ئەنجوومەنی ناوەند و لق و ناوچەکانی یەکێتیەکەتان و سەرجەم زانایانی ئایینی پیرۆزی ئیسلام لە کوردستان دەکەین و، ئاواتەخوازین وەك هەمیشە بەوپەڕی دڵسۆزی و بەرپرسانە ڕۆڵی بەرچاو و کاریگەری خۆتان ببینن لە پاڕێزکاریکردن لە ڕەوشتبەرزی و گیانی نیشتیمانپەروەری و قووڵکردنەوە و پتەوترکردنی ڕۆحی تەبایی و پێکەوەژیان لەهەرێمی کوردستاندا.

دامەزراندنی یەکێتی زانایانی ئایینی بەبیاری ڕێبەری نەمر (مستەفا بارزانی) دەسکەوتێکی گرنگی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی گەلەکەمان بوو، بۆیەش ڕۆڵی کاریگەری مامۆستایانی ئایینی لە قۆناغە جیاجیاکانی خەباتی نەتەوەیی و نیشتیمانیدا هەمیشە بەرهەمدار بووە لەپێناو هاوبەندی کۆمەڵایەتی و بڵاوکردنەوەی هەستی نەتەوەیی و نیشتیمانی، لەگەڵ ڕووەوەش جێدەستیان دیارەو مایەی ڕێز و ستایشن.

یەکێتی زانایانی ئایینی ئیسلامی کوردستان، بەردەوام سەنگەرێکی پتەوی ڕووبەڕووبوونەوەی مەیل و ڕەوتی دووبەرەکی و توندڕۆیی بووە، ئەمڕۆش وا پێویستە دەکات زیاتر پەرە بەو پەیامەی بدات و جەخت بکاتەوە سەر بنەما ڕەسەنەکانی کولتووری دێرین و ڕەگداکوتاوی پێکەوەژیان و لێبووردەیی و یەکتر قبووڵکردن لە نێو کۆمەڵگەی کوردەواریدا.

دووبارە پیرۆزبێیۆبێلی زێرین و (٥٠)ساڵەی تەمەنی پڕ بەخششی یەکێتی زانایانی ئایینی ئیسلامی کوردستان، هیواخوازین هەر سەرکەتووبن..

مەکتەبی سیاسی
پارتی دیموکراتی کوردستان
٢٠٢٠/٩/٢١

عێراق: لەئێستادا سنووردارکانمان لەگەڵ وڵاتانی دراوسێدا داخستووە

ڕێگە بە هاووڵاتییانی وڵاتانی دراوسێ نادرێت لە ڕێوڕەسمی چلەی ئیمام حوسێن سەردانی عێراق بکەن



وەزیری تەندروستیی و ژینگەی عێراق، حەسەن تەمیمی ڕایگەیاند کە پلانێکی باشیان بۆ ڕێورەسمی چلەی ئیمام حوسێن ئامادەکردووە و ئامارەو بەوەیش دەکات کە بڕیارێنداوە ڕێگە بە هاووڵاتییانی وڵاتانی دراوسێ نەدرێت بۆ بەشداریکردن لە ڕێورەسمی چلەی ئیمام حوسێن سەردانی عێراق بکەن.

حەسەن تەمیمی لە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانییدا سەبارەت بە پێشهاتەکانی ڤایرۆسی کۆرۆنای نوێ لە عێراق دوا و گوتی: لە ڕێگای زیادکردنی ژمارەی نەخۆشخانەکانی تایبەت بە چارسەرکردنی تووشبووانی ڤایرۆسی کۆرۆنا و دابینکردنی سەرجەم پێداویستییەکانی تەندروستی و دەرمانەکانی تایبەت بە چارەسەرکردنی تووشبووانی ئەو ڤایرۆسە، توانیومانە بەرەنگاریی ڤایرۆسی کۆرۆنا ببینەوە.

وەزیری تەندروستیی و ژینگەی عێراق، حەسەن تەمیمی ڕایگەیاند کە پلانێکی باشیان بۆ ڕێورەسمی چلەی ئیمام حوسێن ئامادەکردووە و ئامارەو بەوەیش دەکات کە بڕیارێنداوە ڕێگە بە هاووڵاتییانی وڵاتانی دراوسێ نەدرێت بۆ بەشداریکردن لە ڕێورەسمی چلەی ئیمام حوسێن سەردانی عێراق بکەن.

حەسەن تەمیمی لە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانییدا سەبارەت بە پێشهاتەکانی ڤایرۆسی کۆرۆنای نوێ لە عێراق دوا و گوتی: لە ڕێگای زیادکردنی ژمارەی نەخۆشخانەکانی تایبەت بە چارسەرکردنی تووشبووانی ڤایرۆسی کۆرۆنا و دابینکردنی سەرجەم پێداویستییەکانی تەندروستی و ژینگەی عێراق، حەسەن تەمیمی ڕایگەیاند کە ئەو ڤایرۆسە، توانیومانە بەرەنگاریی ڤایرۆسی کۆرۆنا ببینەوە.

ژمارەی تووشبووانی ڤایرۆسی کۆرۆنای نوێ کە لە شاری وهان سەربە ویلایەتی هوبی ڕۆژهەڵاتی چین سەری هەڵدا و دواتر هەموو جیهانی تەنیووە، ٣١ ملیۆن کەسی تێپەڕاند.

ماڵپەڕی Worldometer کە ڕۆژانە لەبارەی پێشهاتەکانی پەیوەندیدار بە کۆرۆنا لە سەرتاسەری جیهان زانیارییەکانی نوێ دەکاتەوە بڵاوی کردەوە کە تا ئێستا، ٩٦١ هەزار و ٦١٢ تووشبوو گیانیان لەدەستداوە و ژمارەی تووشبووانیش بۆ ٣١ ملیۆن و دوو هەزار و ٧٠٧ کەس بەرزبووەتەوە.

تا ئێستا ٢٢ ملیۆن و ٦١٠ هەزار و ٩٠٩ تووشبوو چاکبوونەتەوە و حەوت ملیۆن و ٤٣٠ هەزار و ١٨٦ تووشبووش چارەسەری پزیشکی وەردەگرن.

جێی باسە کۆرۆنا بەتوندترین شێوە کاریگەری کردووەتە سەر ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا و تا ئێستا، شەش ملیۆن و ٩٦٧ هەزار و ٤٢٠ حاڵەتی تووشبوون بەو پەتایە لەو وڵاتە تۆمار کراوە.

سەرۆکی دەستەی دەستپاکیی هەرێمی کوردستان:

دەست بە چالاکی دەکەینەوە

ڕووداو/ سەرۆکی دەستەی دەستپاکی لە هەرێمی کوردستان ڕایگەیاند، دەست بە چالاکی و بەدواداچوون دەکەنەوە و دەشڵێت: داوا لە خەڵکی دەکەین لە هەر شوێنێك گەندەڵییەکیان بینی بە ژمارە ١٠١٥ ئاگادارمان بکەنەوە.

حاکم ئەحمەد ئەنوەر، سەرۆکی دەستەی دەستپاکیی هەرێمی کوردستان ڕایگەیاند: بەهۆی کەرەنتین و بڵاوبوونەوەی ڤایرۆسی کۆرۆناوە لە چەندین مانگی ڕابردوودا کارەکانیان خاوبوونەوەیەکی بە خۆیەوە دیوە و لەگەڵ ئاسایی بوونەوەی دەوام ئەوانیش چالاکییەکانیان زۆر دەبێتەوە.

سەرۆکی دەستەکە ئاماژە بەوەو دەداتە، هەرچەندە نەوەستاون و ئەمساڵ بەدواداچوونیان بۆ دەیان کەیسی گەندەڵی کردووە، بەڵام بەهۆی کۆرۆناوە خاوبوونەوەیەك لە کارەکانیاندا هەبوو. حاکم ئەحمەد ئەنوەر داوای لە خەڵك و فەرمانگەکانیش کرد بۆ بەدواداچوونی کەیسەکانی گەندەڵی هاوکاریان بکەن و گوتیشی: لە هەر شوێنێك گەندەڵییەکیان بینی بە ژمارە ١٠١٥ ئاگادارمان بکەنەوە و بە دڵنیاییەوە بەدواداچوونی بۆ دەکەین.

لە ماوەی دروستبوونیانەوە تاوەکو ئێستا دەستەی دەستپاکی لە هەرێمی کوردستان کاریان لەسەر سەدان کەیسی گەندەڵی کردووە.

پەرلەمانتاریکی عێراق: هەڵبژاردنی پێشوەختەی عێراق دوادەخرێت

زۆرینەی لایەنە سیاسییەکان ڕێککەوتوون هەر پارێزگایەک بکرێتە چوار بازنەی هەڵبژاردن



پەرلەمانتاریکی عێراق پێیوایە هەڵبژاردنی پێشوەختەی عێراق چەند مانگێك دوادەخرێت و لە کۆتایی ئەم خولەی ئێستای پەرلەمان، نزیك دەکرێتەوە. عادل لامی، ئەندامی لێژنەی هەموارکردنی یاسای هەڵبژاردن لە پەرلەمانی عێراق بە میدیاکانی وڵاتەکەی ڕاگەیاندووە، زۆرینەی لایەنە سیاسییەکان ڕێککەوتوون لەسەر ئەوەی هەر پارێزگایەك بکرێتە چوار بازنەی هەڵبژاردن.

عادل لامی هەروەها ڕایگەیاندووە، زۆرینەی حزبە سیاسییەکان دەیانەوێ وەزیرەکان و پەرلەمانتارەکانیان لەسەر کاری خۆیان بەردەوام بن، ئەوەش بۆ پاراستنی بەرژەوەندییەکانیان.

ئەو پەرلەمانتارە پێیوایە هەڵبژاردنی پێشوەختە، بۆ مانگی ١١ـی ٢٠٢١ دوادەخرێت و حزبە سیاسییەکانی کێشەیان لەگەڵ ئەو واده نوێیە نییە، چونکە ئەم خولەی هەڵبژاردن خۆی لە کۆتایی نزیك دەبێتەوە.

پێشتر مستەفا کازمی، سەرۆك وەزیرانی عێراق ڕۆژی ٦-١٠-٢٠٢١ـی بۆ ئەنجامدانی هەڵبژاردنی پێشوەختە، دیاری کرد.




زیاتر لە 31 ملیۆن کەس لە جیهان تووشی کۆرۆنا بوون

جێگری سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان پێشوازی لە باڵیۆزی فلیپین لە عێراق دەکات



دوای نیوەڕۆی دوێنێ ٢٠٢٠/٩/٢٠ هێمن هەورامی جێگری سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان، پێشوازی لەجێنۆڕۆسۆ کالۆنج، باڵیۆزی فلیپین لە هەرێمی کوردستان و شاندێکی یاوەری کرد.
لە دیدارێکدا، جێگری سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان تیشکی خستە سەر کار و ڕێکارە پەیوەندییەکانی پەرلەمانی کوردستان لە ڕووی تەشریعی و چاودێری، هەروەها پێکهاتە سیاسی و نەتەوەیی و ئایینییەکانی پەرلەمانی کوردستانی بۆ باڵیۆزی فلیپین خستەڕوو.
لە تەوەرێکی دیکەدا، هەورامی، جەختی لەگرنگی بەهێزکردنی پەیوەندییەکانی نێوان هەرێمی کوردستان و وڵاتی فلیپین کردەوە، هاوکات پەیوەندییەکانی نێوان هەرێمی کوردستان و بەغدا و دۆخی تەندروستی و بەرەنگاربوونەوەی ڤایرۆسی کۆرۆنا و لێکەوتە ئابووریەکانی ئەم ڤایرۆسە لەجیهاندا، تەوەرێکی تری دیدارەکە بوو.
دواتر باڵیۆزی فلیپین خۆشحاڵی خۆی بەو سەردانە و بوژانەوەی هەرێمی کوردستان دەربڕی، هاوکات هیوای خواست پەیوەندییەکانی هەرێمی کوردستان و فلیپین پێشکەوتنی زیاتر بەخۆوە ببینێت و ڕایگەیاند؛ لەداهاتوودا هەوڵی کردنەوەی کۆنسوڵخانە یان نوێسنگەیەکی باڵیۆزخانەکەیان لە هەرێمی کوردستان دەدەن، بەمەبەستی بەهێزکردنی پەیوەندییەکانی نێوان هەردوولا و ئاگاداربوونیان لە هاوڵاتیانی وڵاتەکەیان لە هەرێمی کوردستان.

سوپای قودس: خوێنی قاسم سلێمانی ڕووخاندنی سستمی سیاسی ئەمەریکایە نەک کوشتنی باڵیۆزێک



خەبات – مەریوان نەقشبەندی

فەرماندەی سوپای قودسی کۆماری ئیسلامی ئێران لە وەڵامی لێدوانێکی دۆنالد ترەمپ سەرۆکی ئەمەریکا کە گوتبووی زانیاریمان هەیە ئێران دەیەوێ لە تۆڵەی کوشتنی قاسم سلێمانی باڵیۆزی ئەمەریکا لە ئەفریقیای باشوور تیرۆر بکات، گوتی: خوێنی حاجی قاسم سلێمانی ڕووخاندنی ڕژێمی سیاسیی ئەمەریکایە نەک کوشتنی باڵیۆزێک.
لیوا حسێن سەلامی فەرماندەی سوپای قودس لە دیانەیەکدا لەگەڵ تەلەفزیۆنی ڕەسمی ئێران گوتی: ئەبێ ئەمەریکییەکان بزانن خوێنی حاجی قاسم هەروا ئاسان نییە کە بە کوشتنی چەند سەربازێك یان باڵیۆزێك کۆتایی پێبێت بەڵکو ڕووخاندنی سستمی سیاسیی ئەمەریکایە و لەبۆردومانی بنکەی ئەلئەسەد ئەمەریکییەکان توانای ئێمەیان بۆ تۆڵەکردنەوە بۆ دەرکەوتووە. گوتیشی: هیچ کەسێکی ئەمەریکی لەبەرامبەر شەهید حاجی قاسم نابینین و دەبێ ئەمەریکا تاڵاوی تۆڵەی کۆماری ئیسلامی بەسستمی سیاسی ئەو وڵاتە بگەیەنێت و هەرەسی پێبێنین.
شایانی باسە لە ٣ ی کانوونی دووەمی ئەمساڵدا ئەمەریکا قاسم سلێمانی فەرماندەی سوپای قودسی کۆماری ئیسلامی ئێران و ئەبو مەهدی موهەندیس جێگری فەرماندەی حەشدی شەعبی عێراقی لەنزیك فڕۆکەخانەی بەغدا کردە ئامانج و هەردوکیانی کوشت لەبەرامبەردا دوای چەند ڕۆژێك ئێران چەند موشەکێکی گرتە هەندێ بنکەی سەربازی ئەمەریکی لەعێراق و هەرێمی کوردستان بەبێ ئەوەی هیچ زیانێکی گیانی لێبکەوێتەوە بەڵام ئێران ڕایگەیاند کەوە دەیان سەربازی ئەمەریکی لەو هێرشەدا کوشتووە.

گەنجێکی کورد لە سوید خەڵاتی سەرکردەی ساڵ وەردەگرێت



خەبات/ رووداوەکانی ڕۆژ: گەنجێکی کورد لە وڵاتی سوید خەڵاتی سەرکردەی پشت پێبەستووی ساڵی وەرگرت کە لەلایەن لیژنەی ناوەندی سیاسی و لێکۆڵینەوەی ستراتیژیی یەکێتیی ئەوروپا (ئۆفیسی ستۆکهۆڵم) لە پای ئەو چالاکییە سیاسی و ئاشتخوازییانەی نواندوێتی، خەڵاتەکەی پێبەخشراوە.
ئەو گەنجە کورە لە گرتەیەکی ڤیدیۆییدا سوپاسی هەموو ئەو لایەن و کەسایەتییانە دەکات پاڵپشتی بوونە لە وەرگرتنی خەڵاتەکە و هاوکات دەشڵێت ئەو خەڵاتە بەتەنیا هی خۆی نییە، بەڵکوو هی هەموو کوردێکە و سەرکەوتنەکەش بە سەرکەوتنی تەنیا خۆی نابینێت، بە سەرکەوتنی کورد وەسفی دەکات.
ئەو گەنجە کورە دەشڵێت بۆ میللەتەکەمان تێدەکۆشین و خەبات دەکەین بۆ سەرکەوتنی گەلەکەمان و لێدوان و کۆڕ و سیمینار و چالاکی دییەتەکانمانیش بەردەوام دەبن بەمەبەستی بەرجەستەبوونی ماف و ئازادیی میللەتەکەمان.
هەر لە گرتە ڤیدیۆکەدا ئاماژە بە خەڵاتەکەی دەستی دەکات و دەشڵێت ئەو خەڵاتەی بەدەستمەوەیە مۆڵکی کوردستانە و لێرەوە بەڵێن بە هەموو کوردێك دەدەم تا دوا نەفەس بەردەوام بین و هەنگاو بنێین بۆ ئەوەی هەموو ئومێد و ئامانجەکانمان بەدی بهێنین.

سوپای عێراق: هێرش ئاسمانیی بۆسەر تیرۆریستانی داعش بەردەوامیان هەیە

تەحسین خەفاجی: هێرشە ئاسمانییەکانی هاوپەیمانان لە پاڵپشتیکردنی هێزە ئەمنییەکانی عێراق زۆر گرنگە

فەرماندەیی ئۆپەراسیۆنە هاوبەشەکانی عێراق ڕایگەیاند، هێرشە ئاسمانییەکان کە بە هاوکاری هێزەکانی هاوپەیانیی نێودەوڵەتی دژبە ڕێکخراوی تیرۆریستیی داعش بۆسەر تیرۆریستانی ئەو ڕێکخراوە ئەنجام دەدرێن بەردەوام لە زیادبوون دایە. لەمبارەیەوە گوتەبێژی فەرماندەیی ئۆپەراسیۆنە هاوبەشەکانی عێراق، لیوا تەحسین خەفاجی لە لێدوانێکدا بۆ ئاژانسی فەرمی هەواڵیی عێراق ڕایگەیاندووە کە هێرشە ئاسمانییەکان دژبە تیرۆریستانی داعش بەردەوامە و گوتی: کاری هێزەکانی هاوپەیانیی نێودەوڵەتی دژبە داعش لە بواری هەماهەنگیی لەگەڵ هێزە ئەمنییەکانی عێراق گرنگە بە تایبەتیش لە پێشکەشکردنی زانیاری هەواڵگریی.
خەفاجی گوتیشی: ئەو هێرشە ئاسمانییانەی کە لەلایەن هێزەکانی هاوپەیانیی نێودەوڵەتی دژبە داعشەوە ئەنجام دەدرێن لە پاڵپشتیکردنی هێزە ئەمنییەکانی عێراق، زۆر گرنگە. لیوا تەحسین خەفاجی ئەوەی وەبیرهێناوتەوە کە هاوپەیانیی نێودەوڵەتی دژبە داعش لە ٢٠١٤وە لەسەر داوای حکوومەتی عێراق لەگەڵ عێراق کار دەکات لە پێناو ڕیشەکێشکردنی ڕێکخراوی تیرۆریستیی داعش.
خەفاجی باسی لەوەشکرد کە هێزەکانی هاوپەیانیی نێودەوڵەتی دژبە داعش مەشقێکی زۆریان بە هێزە ئەمنییەکانی عێراق کردووە گوتی: ئێستا دەتوانین لە بەرەنگاربوونەوەی ڕێکخراوی تیرۆریستیی داعش، پشت بە خۆمان ببەستین، جگە لەوەیش هاوپەیانیی نێودەوڵەتی دژبە داعش لە ماوەکانی ڕابردوودا، ژمارەیەك بنکەی سەربازییان ڕادەستی سوپای عێراق کردووەتەوە کە ئەوەیش بەڵگەیە لەسەر ئەوەی کە هاوپەیانیی نێودەوڵەتی دژبە داعش متمانەی تەواوی بە ئەرك و توانای هێزە ئەمنییەکانی عێراق هەیە.
گوتەبێژی فەرماندەیی ئۆپەراسیۆنە هاوبەشەکانی عێراق، لیوا تەحسین خەفاجی ڕاشیگەیاند کە هاوپەیانیی نێودەوڵەتی دژبە داعش هاوبەشێکی گرنگی هێزە ئەمنییەکانی عێراقە لە بەرەنگاربوونەوەی تیرۆریستانی داعش و گوتی: «ژمارەیەکی زۆر لە شارەزایانی سەربازی سەربە هاوپەیانیی نێودەوڵەتی دژبە داعش دوای ئەوەی مەشق و ڕاهێنانیان بە هێزە ئەمنییەکان کردووە، عێراقیان جێهێشتووە.

وەزارەتی ناوخۆی عێراق

پوچەڵکردنەوەی هێرشێکی تیرۆرستی و دەستگیرکردنی سەرکردەیەکی داعشی ڕاگەیاند

شانەی ڕاگەیاندنی ئەمنی عێراق سەر بەوەزارەتی ناوخۆی عێراق بڵاویکردەوە، هێزەکانی سەر بە دەزگای ئاسایشی نیشتیمانی سەرکردەیەکی داعشیان لە یەکێك گەڕەکەکانی بەغدا دەستگیرکردووە. ڕاشیدە گەیەنن ئەو سەرکردەیەی داعش لە پارێزگاکانی باکوری عێراقەوە چووەتە بەغدا و ئامادەکاری کردوە بۆ ئەنجامدانی کردەوەیەکی تیرۆرستی لە کاتی بەڕێوەچوونی مەراسیمی چلەی ئیمام حوسێن .
شانەی ڕاگەیاندنی ئەمنی عێراق ئاماژە بەوەش دەکات کە ئەوسەرکردەیەی داعش سەرکردایەتی شەڕی ئەوگروپە تیرۆرستیەی کردوە لە دژی هێزەکانی عێراق لە کاتی ئۆپەراسیۆنی ڕزگارکردنی ناوچەکان سەربە پارێزگای کەرکوك لەدەست چەکدارانی داعش.

بەغدا.. لە دوو ئۆپەراسیۆنی جیادا دوو گەورە تیرۆریستی داعش دەستگیرکران



ڕاگەیەندرا کە هێزە ئەمنییەکانی عێراق لە میانی دوو ئۆپەراسیۆنی جیادا، دوو سەرکردەی داعشیان لە بەغدا پایتەختی عێراق دەستگیرکردووە. بەپێی ڕاگەیەندراوێکی شانەی ڕاگەیاندنی ئەمنی سەربە وەزارەتی بەرگری عێراق، هێزەکانی دەزگای ئاسایشی نیشتمانیی، پشت بەستن بە زانیاری هەواڵگریی لە میانی بۆسەیەکدا، یەکێك لە سەرکردەکانی بەناو ویلایەتی عێراق کەرتی باشوور سەربە داعشیان دەستگیرکردووە.
لە ڕاگەیەندراوەکەدا ئاماژە بەوەدراوە کە ئەو گەورە تیرۆریستە هەر دوای گەڕانەوەی لە پارێزگاکانی باکوور بۆ وەرگرتنی پۆستێکی نوێ دەستگیرکراوە و هاتووە «ئەو گەورە تیرۆریستییەی کە دەستگیرکراوە، پلانی دانابوو زیارەتکارانی چلەی ئیمام حوسێن کە لە ١٩ی تشرینی یەکەمی داهاتوودا بەڕێوەدەچێت، بکاتە ئامانج».
لای خۆیەوە ئاژانسی هەواڵگریی سەربە وەزارەتی ناوخۆی عێراق، دەستگیرکردنی سەرکردەیەکی داعشی ڕاگەیاند. لە ڕاگەیەندراوێکدا ئاژانسی هەواڵگریی بڵاویکردەوە کە لە میانی ئۆپەراسیۆنێکدا، سەرکردەیەکی داعش دەستگیرکراوە کە بەناوی جیاجیا لە بەناو ویلایەتی باشووری کەرتی فاروق کاری کردووە و بە قەناسبەدەستی باشوور ناسراوە.
باس لەوەشکراوە کە ئەو گەورە تیرۆریستە، تۆمارێکی دەنگی هەیە کە لە بەناو ئاژانسی «ئەعماق» سەربە داعش بڵاوکراوەتەوە. لە ڕاگەیەندراوەکاندا زانیاری زیاتر سەبارەت بە ئۆپەراسیۆنەکانی دەستگیرکردنی ئەو دوو گەورە تیرۆریستەی داعش نەخراوەتەڕوو.

خۆپیشاندەرانی لوبنان: پێویستە سوپا ڕێگریی لە بەکارهێنانی چەک لە دەرەوەی یاسا بکات



لە بەیروتی پایتەختی لوبنان خۆپیشاندەران کۆبوونەوە و داوایان لە حکوومەت کرد پابەند بێت بە بڕیارە نێودەوڵەتییەکان و دەست بەسەر ئەو چەکانەدا بگرێت کە لەدەرەوەی یاسا بەکاردەهێنرێن.
خۆپیشاندەران کە لە بەردەم وەزارەتی بەرگرییدا کۆبوونەوە، داوایان لە سوپا کرد، ڕێگریی لە بەکارهێنانی چەك لە دەرەوەی یاسا بکات. لە ڕێگەی دروشمی وەك «نا بۆ دەوڵەت لە ناو دەوڵەتدا»، «نا بۆ چەك لەدەرەوەی یاسا» و «بەڵێ بۆ دیاریکردنی سنووركان و کۆنترۆڵکردنی» خۆپیشاندەران ناڕەزایەتییان دەربڕی.
چالاکوان، گریس ڕەیس، لە گوتارێکیدا لە کاتی خۆپیشاندانەکان داوای لە سەرۆکی ئەرکانی سوپای لوبنان، جۆزێف عەون کرد، پابەندبێت بە یاسای ژمارە ١٥٥٩ی ئەنجوومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی و ئەو چەکانەی لە دەرەوەی یاساکان بەدەست خەڵکەوەن، کۆبکاتەوە.
گریس ڕەیس ئاماژەی بەوە کرد، سوپا سیمبولی سەقامگیریی وڵاتە و وەك قەڵایەك وایە بۆ پاراستنی، جەختی لەوەشکردەوە کە پێویستە سنوورە ئاوی و وشکانییەکانی وڵاتەکە بە تەواوەتی کۆنترۆڵبکاتەوە و بە کارهێنانی چەك سنووردارکات. ئەنجوومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی لە ساڵی ٢٠٠٤دا، بڕیاری ژمارە ١٥٥٩ی دەرکرد کە تایبەتە بە کشانەوەی سەرجەم هێزە بیانییەکان لە لوبنان و داماڵینی چەك لە هێزە میلیشیاییەکانی ئەو وڵاتە.

ئەمەریکا وەگەڕخستنەوەی گەمارۆ نێودەوڵەتییەکانی لەدژی ئێران ڕاگەیاند

مایک پۆمپیۆ: مەلاکان ئەو سەروەت و سامانەی هەیانبوو لە پێناو مەرگ و وێرانکاری لە یەمەن، عێراق، لوبنان و سووریا بەکاریان هێنا



ئیدارەی ئەمەریکا ڕایگەیاند کە جارێکی دیکە ئەو سزایانەی بەسەر ئێراندا سەپاندنەوە کە لە میانی ڕێککەوتننامەی ئەتۆمی لەگەڵ ئێران، ئەنجوومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی هەڵی گرتبوون. وەزیری دەرەوەی ئەمەریکا، مایک پۆمپیۆ لەبارەی سەپاندنەوەی سزاکان بەسەر ئێراندا ڕاگەیەندراوێکی بڵاو کردەوە.

پۆمپیۆ بە داکۆکیکردن لەوەی کە ئێران پابەند نەبووە بەو بڕیارانەی لە پلانی کاری بەرفراوانی هاوبەش دراون کە بە ڕێککەوتننامەی ئەتۆمی لەنێوان ئێران و پێنج کۆ یەك ناسراوە، گوتی: ئەم جۆرە سازشانە بە درێژایی مێژوو رژێمی لەو جۆرەیان بەهێزتر کردووە. بۆیە لەمڕۆوە وەك ئەمەریکا ئەو سزایانە (بەسەر ئێراندا دەسەپێنینەوە) کە لەلایەن ئەنجوومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتییەوە هەڵگیراون. تەواوی ئەو سزایانە بەسەر ئێراندا دەسەپێنینەوە کە لە بڕیارەکانی ژمارەی ١٦٩٦، ١٧٣٧، ١٧٤٧، ١٨٠٣، ١٨٣٥ و ١٩٢٩ی ئەنجوومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتیدا هاتوون.

مایك پۆمپیۆ بە جەخت کردنەوە لەوەی کە پابەندنەبوونی ئێران بە جێبەجێکردنی بڕیارەکانی ڕێککەوتننامەی ئەتۆمی و درێژنەکردنەوەی سزاکانی چەکی سەر ئێران لەلایەن ئەنجوومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتییەوە کە ماوەی ١٣ ساڵ بەردەوام بوو، بووتە هۆی ئەوەی وڵاتەکەی ئەم بڕیارە بدات و نووسیوویەتی: خەمساردی ئەنجوومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی بەرامبەر ئێران، ڕێگەی بۆ ئەو وڵاتە کردەوە لە ١٨ی تشرینی یەکەمدا چەکی کلاسیکی بفرۆشێت. ئەمەریکاش بۆ ڕێگەگرتن لەمە ڕێوشوێنی پێویستی گرتە بەر. وەزیری دەرەوەی ئەمەریکا هەروەها داوای لە سەرجەم وڵاتانی دیکەی ئەندام لە نەتەوە یەکگرتووەکان کرد کە پابەند بن بەو بڕیارانەوە، تیشکیشی خستە سەر ئەوەی کە گەمارۆی چەك هەروەها دەبێتە هۆی قەدەغەکردنی چالاکییەکانی وەك کارپێکردن و پێتاندنی یۆرانیۆم و ڕێگەگرتن لە تاقیکردنەوەی موشەکی بالیستیکی و پێشخستنی لەلایەن ئێرانەوە. پۆمپیۆ بە ئاماژە دان بەوەی کە ئەگەر وڵاتانی ئەندام لە نەتەوە یەکگرتووەکان لە چەند بابەتێکی دیاریکراودا هەماهەنگی لەگەڵ ئێراندا بکەن، ئەوا سزا بەسەر ئەوانیشدا دەسەپێنن و دەڵێت: سەپاندنەوەی سزاکان لە پێناو پاراستنی ئاشتی و ئاسایشی نێودەوڵەتییدایە. ڕێککەوتننامەی ئەتۆمی ٢٠١٥ وەك ئەوەی ئێران بەڵێنی دابوو هانی ئەوەی نەدا کۆمەڵگای نێودەوڵەتی بەشداری لەمەدا بکات. لەبری ئەوە، مەلاکان ئەو سەروەت و سامانەی هەیانبوو لە پێناو مەرگ و وێرانکاری بەکاریان هێنا لە یەمەن، عێراق، لوبنان و سووریا، ئەمەش ئەنجامێکی چاوەڕوانکراوبوو.

444 کەسی دیکە تووشی کۆرۆنا بوون و 24 کەسیش گیانیان لەدەست دا

هەرێمی کوردستان.. تووشبوون بە کۆرۆنا 41 هەزار کەسی تێپەڕاند

وەزارەتی تەندروستیی حکوومەتی هەرێمی کوردستان لە ڕاگەیاندراوێکدا ئاماژە بەوە دەدات، لە هەرێمی کوردستان ٤٤٤ تووشبووی دیکەی پەتای کۆرۆنا دەستنیشان کران. دوێنێ یەکشەممە ٢٠٢٠/٩/٢٠، وەزارەتی تەندروستی ڕاگەیاندراوێکی لە پەیجی فەرمیی خۆی، لە تۆڕی کۆمەڵایەتیی (فەیسبووك) بڵاو کردەوە، لە ڕاگەیاندراوەکەدا ئاماری ٢٤ کاتژمێری ڕابردووی کۆرۆنا لە هەرێمی کوردستان خراوەتە ڕوو و باس لەوە کراوە، لە ٢٤ کاتژمێردا، لە هەرێمی کوردستان ٤٤٤ تووشبووی دیکەی کۆرۆنا دەستنیشان کراون، ٢٤ کەسیش بەهۆی پەتاکەوە گیانیان لەدەستداوە. هەروەها ڕوونیش کراوەتەوە، لەو ٢٤ کەسەی گیانیان لەدەست داوە، چواریان لە هەولێر بوون، شەش کەسیشیان لە سلێمانی بوون، ١١ کەسی دیکەش لە دهۆك بوون، سێ کەسیشیان لە هەڵەبجە بوون. بەگشتیش تاکو ئێستا ٤١ هەزار و دوو کەس لە هەرێمی کوردستان تووشی کۆرۆنا بوون، لەو ژمارەیەش ١٥١٩ کەسیان گیانیان لەدەستداوە. دەقی ڕاگەیاندراوی وەزارەتی تەندروستی:

ڕاگەیاندراوی ٢٤ کاتژمێری تایبەت بە نەخۆشی ڤایرۆسی کۆرۆنای نوێ ژمارە ٢٠٧

١- پشکنین: ٤٤٤٦ پشکنینی نوێ- ١٤٩٤ هەولێر، ٦٩٠ سلێمانی، ٢١٣ گەرمیان، ١٩٩٩ دهۆك، ٥٠ هەڵەبجە.

٢- تووشبوو: ٤٤٤ تووشبووی نوێ- ١٣٣ هەولێر، ٨٩ سلێمانی، ٣٣ گەرمیان، ١٦٨ دهۆك، ٢١ هەڵەبجە.

٣- چاکبوون: ٦٦٧ چاکبوون- ٢٣٠ هەولێر، ٢٠٥ سلێمانی، ٣٨ گەرمیان، ١٦٨ دهۆك، ٢٦ هەڵەبجە.

٤- مردن: ٢٤ مردن- ٤ هەولێر، ٦ سلێمانی، ١١ دهۆك، ٣ هەڵەبجە.

ناماری گشتی:

کەڕەنتین هاووڵاتی «٢١٨٧١»، «٢١٨٧١» دەرچوو»

پشکنین «٤١٨٥٠٣»، ١٥٥٢٩٩ هەولێر، ١٠٥٨٤١ سلێمانی، ١٥٣٥٤٩ دهۆك، ٣٨١٤ هەڵەبجە.

تووشبوون «٤١٠٠٢»،١٥٥١٣ هەولێر، ١٤٦٨٢ سلێمانی، ٩٤٢٥ دهۆك، ١٣٨٢ هەڵەبجە.

چاکبوون «٢٦٤٦٤»، ١٢٠٥٨ هەولێر، ٩٥٥٨ سلێمانی، ٣٥٤٩ دهۆك، ١٢٩٩ هەڵەبجە.

لەژێر چارەسەر «١٣٠١٩»، ٢٩٢٨ هەولێر، ٤٣٣٩ سلێمانی، ٥٦٩٨ دهۆك، ٥٤ هەڵەبجە.

مردن «١٥١٩»، ٥٢٧ هەولێر، ٧٨٥ سلێمانی، ١٧٨ دهۆك، ٢٩ هەڵەبجە.

وێڕای دەستخۆشی بۆ پزیشکان و کارمەندانی تەندروستی و هەموو تیمەکانی پزیشکی کە لە ئەرکدان، جارێکی تر داوا دەکەین هاووڵاتیان پابەندبن بە ڕێنماییەکانی تەندروستی و دورکەوتنەوە لە شوێنی قەڵەبالغ و دانانی ماسك و دەستکێش، وە لەکاتی پێویستدا پەیوەندی بکەن بە هێڵی گەرمی ژمارە (١٢٢).

وەزارەتی تەندروستی
حکومەتی هەرێمی کوردستان
٢٠ی ئەیلول ٢٠٢٠

محەمەد جەواد زەریف: ئەمەریکا پەنا دەباتە بەر پروپاگەندەکردن سەبارەت بەو سزایانەی کە هەوڵدەدات بەسەر ئێراندا بیسەپێنێت



وەزیری دەرەوەی ئێران، محەمەد جەواد زەریف ڕایگەیاند، ئەمەریکا پەنا دەباتە بەر پروپاگەندەکردن سەبارەت بەو سزایانەی کە هەوڵدەدات بەسەر ئێراندا بیسەپێنێت. محەمەد جەواد زەریف سەبارەت بە پێداگیری واشنتۆن لەسەر کاراکردنەوەی سزاکانی پەیوەست بە قەدەغەکردنی فرۆشتنی چەك بە ئێران بۆ کەنالی فەرمی ئێران دوا و ڕایگەیاند کە ئەمەریکا لە بەدیهێنانی کۆدەنگی نێودەوڵەتی دژبە ئێران شکستی هێناوە، بۆیە بۆ یەکلاییکردنەوەی مللانێیەکان، پەنا دەباتە بەر فشارکردن.

زەریف گوتیشی: ئەمەریکییەکان لە پێناو بەدیهێنانی ئامانجەکانیان پەنا دەبەنە بەر پڕوپاگەندەکردن، ئەگەر وەزیری دەرەوەی ئەمەریکا، مایك پۆمپیۆ بڕیاری ژمارە ٢٢٣١ ی خوێندبێتەوە، ئەوا دەبینێت کە هیچ دەستەبەرییەك بۆ یەکلاییکردنەوەی مللانێیەکانی تیایدا نییە.

وەزیری دەرەوەی ئێران، محەمەد جەواد زەریف ئاماژەی بەوەیش دا، ئەو بڕیارەی کە واشنتۆن ڕایگەیاندووە دژبە ئێران کارای دەکاتەوە، ئەنجوومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی پەسەندی نەکردووە.

محەمەد جەواد زەریف ڕوونشی کردەوە کە لایەنی ئەمەریکا دەڵێت کە سزا بەسەر هەموو ئەو وڵاتانەدا دەسەپێنێت ئەگەر چەك بە ئێران بفرۆشن کە ئەوەیش جۆرێکە لە پێشێلکردنی یاساکان. لە ئایاری ٢٠١٨دا، واشنتۆن کشانەوەی خۆی لە ڕێککەوتنی ئەتۆمی لەگەڵ ئێراندا ڕاگەیاندبوو کە لە ٢٠١٥دا لەنێوان ئێران و وڵاتانی گرووپی ٥+١ واژووکرابوو و هەریەك لە ڕووسیا، بەریتانیا، چین، ئەمەریکا، فەرەنسا و ئەڵمانیا لەخۆ دەگرت. هەر دوای کشانەوەی لە ڕێککەوتنی ئەتۆمی، ئەمەریکا سزای ئابووری بەسەر ئێراندا سەپاندەوە.

لە ناوەڕۆکی ڕێککەوتنی ئەتۆمییدا هاتووە «ئێران پابەندکراوە لەوەی بۆ ١٠ ساڵ دەستبەرداری بەرنامە ئەتۆمییەکەی بێت و بەشێوەیەکی بەرچاویش سنووردارى بکات بە ئامانجی ڕێگرتن لەوەی ئەو توانایەی نەبێت کە پەرە بە چەکی ئەتۆمی بدات و لەبەرامبەر ئەوەدا، ئەو سزایانەی بەسەر ئێراندا سەپێندراوە، هەڵدەگیرێن»

لەو کاتەی واشنتۆن لە ڕێککەوتنی ئەتۆمی کشاوەتەوە، سەرۆکی ئەمەریکا، دۆنالد ترەمپ سزای ئابووری بەسەر تاراندا سەپاندووە بۆ ئەوەی هەژموونی هەرێمیی ئێران سنووردار بکات. ئەو سزایانەی ئەمەریکا کەرتە گرنگ و کەسایەتییە دیارەکانی ئێرانی گرتووەتەوە وەك کەرتی نەوت و ڕابەری باڵای ئێران، عەلی خامنەیی و سوپای پاسدارانی ئێران.

سکرتێری نەتەوە یەکگرتووەکان:

ناتوانم هیچ ڕێکارێك دژی گەڕاندنەوەی سزاکانی ئەمەریکا بۆ سەر ئێران بگرمەبەر

سکرتێری گشتیی نەتەوە یەکگرتووەکان پەیامێکی ناڕاستەوخۆ بۆ کۆماری ئیسلامیی ئێران دەنێرێت و تێیدا ڕایدەگەیەنێت، کە ناتوانێ هیچ بکات. دوێنێ یەکشەممە ٢٠-٩-٢٠٢٠، ئەنتۆنیۆ گۆتێرس، سکرتێری گشتیی نەتەوە یەکگرتووەکان ڕایگەیاند، ناتوانێ هیچ ڕێکارێك دژی گەڕاندنەوەی سزاکانی ئەمەریکا بۆ سەر ئێران، بگرێتە بەر.

ئەنتۆنیۆ گۆتێرس ناڕاستەوخۆ پەیامی بە ئێرانییەکان داوە و گوتوویەتی، "ناتوانم هیچ بکەم". جێی باسە لە کاتێکی پێشتری دوێنێدا، مایك پۆمپیۆ، وەزیری دەرەوەی ئەمەریکا سەپاندنەوەی هەموو سزاکانی نەتەوە یەکگرتووەکانی بەسەر ئێراندا، ڕاگەیاند.

یۆنان بە مەرج دانوستاندن لەگەڵ تورکیا دەکات

یەکێتیی ئەورووپا لە ڕۆژانی داهاتوو لیستێك بۆ سزادانی تورکیا ئامادە دەکات

گوتەبێژی فەرمیی حکوومەتی یۆنان مەرجی وڵاتەکەی بۆ دانوستاندن لەگەڵ تورکیا، ئاشکرا دەکات. ستیلیۆس بیتساس، گوتەبێژی حکوومەتی یۆنان بە گۆڤارێکی وڵاتەکەی ڕاگەیاندووە، چەند پەیوەندییەك لەنێوان تورکیا و یۆنان لەسەر ئاستی ڕاوێژکارانی سەرۆك وەزیرانی یۆنان و سەرکۆماری تورکیا، هەیە.

ستیلیۆس بیتساس هەروەها ڕایگەیاندووە، یەکێتیی ئەورووپا لە ڕۆژانی پێنجشەممە و هەینیی داهاتوو لیستێك بۆ سزادانی تورکیا ئامادە دەکات. گوتەبێژی حکوومەتی یۆنان ئاماژەی بەوەش کردووە، کە خوازیاری سەپاندنی سزا نییە بەسەر تورکیا و لەگەڵ ئالۆزترکردنی ڕەوشەکە نییە.

ستیلیۆس بیتساس جەختی لەوە کردووەتەوە، کە تاکە مەرجی وڵاتەکەی بۆ دانوستاندن لەگەڵ تورکیا "کەمکردنەوەی هەوڵەکانی ئالۆزترکردنی کێشەکەیە" و یۆنان بە ڕازیبوونی تورکیا بەو مەرجە، ئامادەیە دەست بە گفتوگۆکانی بۆ چاوخشاندنەوە بە سنوورە ئاوییەکانی لەگەڵ تورکیا، بکات.

ئاماژەکانی کۆرۆنا لە تورکیا مەترسیدارن

هالیس یارلیکایا: هیچ ڕوونییەك لە داتاکانی کۆرۆنا لە تورکیا بوونی نییە و ڕاستییەکان دەشاردرێنەوە



K٢٤: زیادبوونی حاڵەتەکانی ڤایرۆسی کۆرۆنا لە تورکیا، پزیشکان و سیاسییەکانی کردووەتە دوو بەرەی دژ بە یەك. بەگوێرەی داتاکان، ڕۆژانە نزیکەی هەزار و ٦٠٠ حاڵەتی نوێ و ٦٠ مردن بە کۆرۆنا لە تورکیا تۆمار دەکرێت، ئەمەش بە بەروارد بە چەند مانگ لەمەوبەر، زۆر زیادی کردووە. بەشێك لە پزیشکانی تورکیا بە بەستنی بۆیباخی ڕەشەوە، خۆپیشاندان ئەنجام دەدەن و یادی هاوڕێ پزیشکەکانیان دەکەنەوە کە بوونەتە قوربانی کۆرۆنا، دروشمی ئەوە دەڵێنەوە، ئێوە ناتوانن بەڕێوەی بەرن، ئێمەش شەکەت بووین. دووپات لەوەش دەکەنەوە، ژمارە حاڵەت و گیان لەدەستدان بە کۆرۆنا لە تورکیا، زیاترە لەوەی بڵاوەدەکرێتەوە.

یەکێك لە پزیشکەکان لە دیاربەکر بە ناوی هالیس یارلیکایا بە ئاژانسی ڕۆیتەرزی گوتووە، هیچ ڕوونییەك لە داتاکانی کۆرۆنا لە تورکیا بوونی نییە و ڕاستییەکان دەشاردرێنەوە. لە بەرامبەر ئەمە، لایەنگران و کاربەدەستانی نزیك لە ڕەجەب تەیب ئەردۆغان، سەرۆککۆماری تورکیا، ئەو پزیشکانە بە خیانەتکار ناو دەبەن و داوا دەکەن یەکێتی پزیشکان دابخرێت.





هەولێر و مەلەگای ئیسپانی دەبنە دەستەخوشک


پارێزگاری هەولێر، پێشوازی لە باڵیۆزی گشتی وڵاتی ئیسپانیا لەعێراق و شاندێکی یاوەری کرد

ڕاگەیاندنی پارێزگای هەولێر بڵاوی کردەوە کە نیوەڕۆی دوێنێ ٢٠٢٠,٩,٢٠، د.فەرسەت سۆفی پارێزگاری هەولێر، بەئامادەبوونی هێمن قادر جێگری پارێزگار، لەدیوانی پارێزگا، پێشوازی لە(خوان خوسیە ئسکوبار) باڵیۆزی گشتی وڵاتی ئیسپانیا لەعێراق و شاندێکی یاوەری کرد.

ڕاشیدە گەیەنن کەلەسەرەتای دیدارەکەدا، باڵیۆزی گشتی وڵاتی ئیسپانیا لەعێراق، ئاماژەی بەوەدا کە ئەمە یەکەم سەردانی فەرمییە بۆ هەولێری پایتەخت ئەنجامی دەدات و هیوای خواست ئەو سەردانەشی ببێتەماییەی پتەوکردنی پەیوەندییەکانی نێوان هەولێر و مەدرید، هەروەها ڕایگەیاند: «هەرچەندە هەولێکی زۆرماندا کۆنسڵخانەی سەرەکی وڵاتەکەمان لە هەولێری پایتەخت بکەینەوە، بەڵام سەرکەوتوو نەبووین، ئێستا قونسڵی فەخریان لەهەولێر هەیە و لەو ڕێگەیەشەوە لە ڕووی پەیوەندی کەلتوورییەوە تاڕادەیەک باش پەیوەندییەکانمان پێشوەچوونی بەخۆیەوە بینیوە، هیوادارین لە ڕووی ئابووری و بازرگانی و وەبەرهێنانەوە پەیوەندییەکانمان بەرەو پێش ببەین».

ڕاگەیاندنی پارێزگای هەولێر ئاماژە بەوەش دەکات کە دواتر باڵیۆزی گشتی وڵاتی ئیسپانیا لەعێراق و شاندی یاوەری، پێشنیاری واژووکردنی ڕێککەوتنامەی دەستەخوشکی لە نێوان شاری مەلەگە و هەولێری پایتەختی هەرێمی کوردستان خستەڕوو و لەبەرانبەردا پارێزگاری هەولێر، خۆشحاڵی خۆی بە سەردانەکەی باڵیۆزی گشتی وڵاتی ئیسپانیا لەعێراق و شاندی یاوەری نیشاندا و وتی: «خۆشحاڵین و پێشوازی لە پێشنیارەکەتان دەکەین بۆ واژووکردنی ڕێککەوتنامەی دەستەخوشکی شاری مەلەگەی ئیسپانی و هەولێری پایتەختی هەرێمی کوردستان.

وەزارەتی پێشمەرگەو پەروەردە تاوتوێی دۆخی خوێندن و ڕەوشی قوتابیان دەکەن



هەردوو وەزارەتی پێشمەرگەو وەزارەتی پەروەردە تاوتوێی دۆخی خوێندن و ڕەوشی قوتابیان لە خوێندگاکانی تایبەت بەپێشمەرگە دەکەن. لەمیانی کۆبوونەوەیەکیشدا گفتوگۆی بابەتی و زانستیانە لەسەر پرسە هەمەلایەنەکانی بواری پەروەردەو میکانیزمی بەڕەوپێشبردن و ڕێکخستنەوەی ئەو قوتابخانانە کرا. دوێنێ ٢٠ ی ئەیلولی ٢٠٢٠ شۆڕش ئیسماعیل، وەزیری پێشمەرگەی حکومەتی هەرێمی کوردستان، پێشوازیکرد لەد.ئالان حەمە سەعید، وەزیری پەروەردەی حکومەتی هەرێم و شاندی یاوەری. لەو کۆبوونەوەیەدا، کە سەربەست لەزگین، بریکاری وەزارەتی پێشمەرگە و ژمارەیەک لەبەرپرسانی باڵای هەردوو وەزارەت ئاماەدەبون، گفتوگۆکرا لەسەر دۆخی ئێستای خوێندگاکانی پێشمەرگە لەهەرێمی کوردستان. وەزیری پێشمەرگە ڕوونی کردەوە، بەهۆی ئەرکی زۆرو خەباتی پێشمەرگەیەتی کەسانێك، دەرفەتی چوونە بەرخوێندنیان نەبووەو لەڕێگەی ئەو قوتابخانانەوە هەلی بەدەستهێنانی بڕوانامە و خوێندنیان پێدراوە، ئەمەش بەهاوکاری وەزارەتی پەروەردە کە جێی ستایش بووە، وتیشی: لەکاتی بوونی دەرفەتێکی وا، ناکرێ جۆر و شێوازی خوێندن لەو قوتابخانە بەشێوەیەکی خراپ بقۆزرێتەوەو جیاکاری لەگەڵ قوتابخانەکانی تر پێبکرێت. وەزیری پەروەردە ئاماژەی بەوەکرد، خزمەتکردنی پێشمەرگە ئەرکی سەرشانی هەمووانەو دەرگای وەزارەتی پەروەردە بەهەموو شێوەیەك بۆ گەیاندنی هەر خزمەتێك بەپێشمەرگە کراوەیە، وتیشی: بەڵام بەداخەوە کەموکوڕی لەو قوتابخانانەی تایبەت بەپێشمەرگە هەیەو خەڵکی تریشی تێکەڵکراوە کە پێشمەرگە نیەو، بۆ ئەمەش داوا دەکەین بەیەکەوە چارەسەری بکەین.

بە گۆڕەی 700 ملیۆن دینار چەند پڕۆژەیەک لە ئیبراهیم خەلیل و دەوروبەری ئەنجام دەدرێن

لەڕاگەیاندراوێکدا وەزارەتی شارەوانی و گەشت و گوزاری هەرێمی کوردستان بڵاوی کردەوە کە لە سنووری بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی شارەوانییەکانی دهۆك، چەند پڕۆژەیەك بۆ کۆمەڵگەی ئیبراهیم خەلیل، فیشخابوور، دیرۆبوون، گرك سندی، باجیکا، حەسەن ئاقت، خێلەخو مەمکورك ئەنجام دەدرێن کە بەشێکیان قیرتاوکردن و کۆنکرێتە. ڕاشیدەگەیێنێت کە گوژمەی کۆی پڕۆژەکان دەگاتە ٧٠٠ ملیۆن دینار.

پارێزگاری هەولێر داوای کردووە بڕیاری قەدەغەکردنی هاوردە و هەناردەکردنی زێڕ هەڵوەشێننەوە

گوتەبێژی سەندیکای زێڕنگرانی کوردستان ڕایدەگەیەنێت، بڕیاری قەدەغەکردنی هاوردە و هەناردەکردنی زێڕ لە فڕۆکەخانەکانی هەرێمی کوردستانەوە، زیانی زۆری بە خەڵك و بازرگانان گەیاندووە، چونکە زێڕ زۆر بەزەحمەت دەگات بە بەغدا بە هۆی خراپیی دۆخی ئەمنی لە ڕێگاکان و، لە هەر کیلۆیەك زێڕ، خەرجیی ٢ هەزار ٥٠٠ دۆلار لەسەر بازرگانان دەکەوێت.

هەندرێن وەرتی، بۆ ماڵپەڕی فەرمیی پارتی دیموکراتی کوردستان گوتی، بە هۆی بڕیاری حکوومەتی عێراق بۆ قەدەغەکردنی ناردن و هاوردەکردنی زێڕ لە ڕێگەی فڕۆکەخانەکانی هەرێمی کوردستانەوە، زیانی زۆر بە خەڵك گەیشتووە، چونکە هاوڵاتی لە فڕۆشتنەوەی زێڕ یەك مسقاڵی ١٨هەزار زیانی بەردەکەوێت، لەبەر ئەوەی بە زەحمەت دەگات بە بەغدا و زۆر بەڕەست هەیە کە ئەمنیەت نییە و حەشدی شەعبی لە ڕێگە هەیە و داعشیش هەیە، بۆیە هەر کیلۆیەك زێڕ خەرجییەکەی تا دەگاتە بەغدا، ٢ هەزار و ٥٠٠ دۆلار دەوەستێت و بەغداش بە ئاڕەزووی خۆیان مامەڵە دەکەن و زۆر جار شەو و ڕۆژێك دەمێنێتەوە و وەکو هەولێر نییە ڕاستەوخۆ ڕەوانە بکرێت، بۆیە ئەمە وای کردووە زیان بەر خەڵك و بازرگانان بکەوێت.

وەرتی گوتیشی، کە دۆخی ئابووری باش بووە، ساڵانە ١١٣تۆن زێڕ هاوردە کراوە و ٧٠٪ بۆ عێراق ڕۆیشتووە و بە هەمان شێوە لە هەرێمیش زێڕ هەناردەی دەرەوە کراوە. ناوبراو دەشڵێ: «بڕیارەکەی حکوومەتی عێراق هۆکارەکەی دیار نییە و، پارێزگاریش بە نووسراوی فەرمی داوای کردووە ئەو بڕیارە هەڵوەشێننەوە، داواشیان لە جێگری سەرۆکی پەرلەمان کردووە، بۆیە هەوڵەکان بەردەوامن، چونکە فڕۆکەخانەی هەولێر یەکێکە لە فڕۆکەخانە هەرە باشەکانی هەموو عێراق لە ڕووی یاسا و جێبەجێکردنی ڕێنماییەکان و زۆریش چالاکتر بووە، بۆیە هیچ بیانوویەك نییە ئەو بڕیارە بۆ هەولێر دراوە».

ل مێرسینێ پارێزگەرێ دهۆکێ تەکەزی ل ئالوگوڕێن بازرگانی دناڤبەرا هەرێمێ و ترکیادا کر



ل باژێرێ مێرسینێ ل ترکیا کونگرێ لوتکەیا خاوەنکارێن هەرێما کوردستانێ وعیراقێ وتورکیا بڕێڤەچوو . د لوتەکێ دا د.عەلی تەتەر پارێزگەرێ دهۆکێ و ئایدن مەعروف وەزیرێ هەرێمێ بو کاروبارێن پێکهاتەیان دحکومەتا هەرێما کوردستانێ دا وهڤال ئەبوبەکر پارێزگەرێ سلێمانیێ پشکدار بوون.

دکونگرێ لوتکێ دا پارێزگەرێ دهوکێ کۆمبوونێن جودا جودا دگەل پارێزگەرێ مێرسینێ و سەروکێ شارەوانیا مێرسینێ و سەروکێ ژورا بازرگانی و پیشەسازیا مێرسینێ و سەروکێ خودان کارێن مێرسینێ ئەنجامدان. دڤان جڤیناندا تەکەزی ل سەر ئاسانکاری و هەڤکاریا هەردوو لایەناکر کو هەردوو بازرگانێن هەرێما کوردستانێ و ترکیا بشێن بازرگانیەکا هەمەرەنگ دهەموو بیاڤان دا ئەنجامدەن. هەروەسا هیڤی خواستن کو ئەڤ کونگریە ببیتە دەستپێکە کا باش کو بازرگانێن پارێزگەها دهوکێ ب شێوەکێ باشتر بەرهەمێن خوبێن نافخوویی هەنارەی بازارێن ترکیا بکەن و ببیتە دەرگەهەك بو باوەریەکا باشتر بو سەرمایەدارێن هەردوو لا بو پێشڤەبرنا وەبەرهێنانێ ل هەرێما کوردستانێ و ترکیا.

پڕۆژەی ڕێگای باشماخ - پێنجوین بەگەڕ دەخرێتەوە



وەزیری ئاوەدانکردنەوەو نیشتەجێکردن پڕۆژەکانی سنوری قەزای پێنجوین بەسەردەکاتەوەو پڕۆژەی ڕێگای باشماخ پێنجوین بەگەڕدەخاتەوە.

دوێنێ یەکشەممە ٢٠٢٠/٩/٢٠ دانا عەبدولکەریم وەزیری ئاوەدانکردنەوەو نیشتەجێکردن بە یاوەری قائیمقامی قەزای پێنجوین و بەڕێوەبەری گشتی ئاوەدانکردنەوەو ڕێگاوبانی سلێمانی و ژمارەیەک لە بەڕێوەبەرو بەرپرسانی ئیداری سنورەکە پڕۆژەی ڕێگای باشماخ پێنجوینیان بەسەرکردەوە.

لەسەرەتای سەردانەکە وەزیری ئاوەدانکردنەوەو نیشتەجێکردن قائیمقامیەتی قەزای پێنجوێنی بەسەرکردەوە، لە کۆبونەوەیەکیشدا قائیمقامی پێنجوین ستایشی خەمخۆری و هەوڵەکانی وەزیری ئاوەدانکردنەوەی کرد بۆ پڕۆژەکانی وەزارەتەکەیان لە سنورەکە، هاوکات ژمارەیەک داواکاریشیان سەبارەت بە ژمارەیەک پڕۆژەی ڕێگاوبان و یەکەی نیشتەجێبون ئاراستەی وەزیری ئاوەدانکردنەوە کرد.

لای خۆشیەوە دانا عەبدولکەریم بەڵێنیدا بەپێی توانا بۆیان جێبەجێ بکات و جەختی کردەوە؛ ئەوەی لە توانایاندا بێت بەپێی توانا درێغی ناکەن لە خزمەتکردنی سەرجەم ناوچەکانی هەرێمی کوردستان و سنوری قەزای پێنجوین. هاوکات بەڕێوەبەرایەتی ئاوەدانکردنەوەو ڕێگاوبانی سلێمانی ڕاسپارد تیمێک ڕەوانەی قەزاکە بکەن بۆ بەدواداچونی پڕۆژەکانی وەزارەت و چارەسەرکردنیان.

دواتر لە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانیدا، وەزیری ئاوەدانکردنەوەو نیشتەجێکردن ڕایگەیاند، ئامانجی سەردانەکەمان بەگەڕخستنەوەی پڕۆژەکەیە کە یەکێکە لە پڕۆژەکانی وەزارەتمان و بەڵێندەرمان ڕاسپارد بەشێوەیەکی خێرا کارکردن لە پڕۆژەکە دەستپێبکەنەوە، بۆ ئەوەی پێش دەستپێکردنی وەرزی سەختی زستان تەواو بکرێت.

ئاماژەی بەوەشکرد، وەک وەزارەت و حکومەت هەوڵدەدین شایستە دارایەکان بۆ کۆمپانیا دابین بکەین بۆ ئەوەی پڕۆژەکە بەباشی و بێ کەموکورتی و بەشێوەیەکی خێرا تەواو بکەن.

پرسەنامە

بەناوی خودای بەخشندە و میهرەبان

بەڕێز، واحید خەلەکانی،

بەداخێکی زۆرەوە هەواڵی کۆچی دوایی برای بەڕێزتان(حامید سەمەد سەعید) مان پێگەیشت. پرسە و سەرەخۆشی لە خانەوادە بەڕێز و نیشتیمانپەروەرەکەتان دەکەین، خۆمان بەهاوبەشی خەمی ئێوە و خزم و دۆست و ئاشنایانتان دەزانین. لە خودای گەورە داواکارین گیانی برای خوالێخۆشبووتان بەر ڕەحمەتی خۆی بخات و بە بەهەشتی خۆی شاد بکات و ئۆقرەیی و دڵنەوایی بەئێوە و کەسوکارتان ببەخشێت.

.....

بەڕێزان؛ خانەوادەی عەبدوڵڵا مەجید سولەکانی،

بەدڵگرانیەکی زۆرەوە هەواڵی کۆچی دوایی پێشمەرگەی شۆڕشی ئەیلوول (عەبدوڵڵا مەجید سولەکانی)مان پێگەیشت. پرسە و سەرەخۆشی ئاراستەی خانەوادە بەڕێز و نیشتیمانپەروەرەکەتان و خزم و دۆست و ئاشنایانتان دەکەین، خۆمان بە هاوبەشی خەمتان دەزانین. لە خودای مەزن داواکارین گیانی خوالێخۆشبوو بەر ڕەحمەتی خۆی بخات و بە بەهەشتی بەرینی شاد بکات و دڵنەوایی و ئارامی بە ئێوە و کەسوکارتان ببەخشێت.

.....

بەڕێز، کاك عەبدولەتیف گلی،

بەدڵگرانیەکی زۆرەوە هەواڵی کۆچی دوایی خاتوو(خەدیجە محەمەد گلی)ی دایکی بەڕێزتان و دایکی شەهید نیزامەدین گلی و گوران گلی، مان پێگەیشت. پرسە و سەرەخۆشی ئاراستەی بەڕێزتان و خانەوادە نیشتیمانپەروەرەکەتان و خزم و دۆست و ئاشنایانتان دەکەین، خۆمان بەهاوبەشی خەمتان دەزانین. لە خودای دلۆڤان داواکارین گیانی دایکی خوالێخۆشبوتان بەر ڕەحمەتی خۆی بخات و بە بەهەشتی بەرینی شاد بکات و دڵنەوایی و ئارامی بە ئێوە و کەسوکارتان ببەخشێت.

.....

بەڕێزان، خانەوادەی نەجات عەلائەدین ئەحمەد،

بەدڵگرانیەکی زۆرەوە هەواڵی کۆچی دوایی کەسایەتی دیاری کۆمەڵایەتی زرارەتی(نەجات عەلائەدین ئەحمەد)مان پێگەیشت. پرسە و سەرەخۆشی ئاراستەی خانەوادە بەڕێز و نیشتیمانپەروەرەکەتان و خزم و دۆست و ئاشنایانتان دەکەین، خۆمان بە هاوبەشی خەمتان دەزانین. لە خودای مەزن داواکارین گیانی خوالێخۆشبوو بەر ڕەحمەتی خۆی بخات و بە بەهەشتی بەرینی شاد بکات و دڵنەوایی و ئارامی بە ئێوە و کەسوکارتان ببەخشێت.

.....

بەڕێزان، لە خانەوادەی مامۆستا ڕەسوڵ مەلازادە،

بەدڵگرانیەکی زۆرەوە هەواڵی کۆچی دوایی فەرماندە لەشۆڕشی ئەیلوول و گوڵان و کەسایەتی ناسراوی خۆشناوەتی و دۆڵی بالیسان مامۆستا(ڕەسوڵ مەلازادە)مان پێگەیشت. بەم بۆنە خەمناکەوە، پرسە و سەرەخۆشی ئاراستەی خانەوادە بەڕێز و نیشتیمانپەروەرەکەتان و خزم و دۆست و ئاشنایانتان دەکەین، خۆمان بەهاوبەشی خەمتان دەزانین. لە خودای دلۆڤان داواکارین گیانی خوالێخۆشبوو مامۆستا ڕەسوڵ مەلازادە بەر ڕەحمەتی خۆی بخات و بە بەهەشتی بەرینی شاد بکات، ئۆقرەیی و ئارامی بە ئێوە و کەسوکارتان ببەخشێت.

.....

بەڕێزان، لە خانەوادەی شەهید ئەحمەد مەریم،

بەدڵگرانیەکی زۆرەوە هەواڵی کۆچی دوایی خاتوو(مەهاباد ئەحمەد ئیسماعیل) کچی شەهید(ئەحمەد مەریم)مان پێگەیشت. پرسە و سەرەخۆشی ئاراستەی خانەوادە بەڕێز و نیشتیمانپەروەرەکەتان و خزم و کەسوکارتان و دۆستانتان دەکەین، خۆمان بەهاوبەشی خەمتان دەزانین. لە خودای مەزن داواکارین گیانی خوالێخۆشبوو بەر ڕەحمەتی خۆی بخات و بە بەهەشتی بەرینی خۆی شاد بکات و دڵنەوایی و ئارامی بە ئێوە و کەسوکارتان ببەخشێت.

.....

بەڕێز، کاك شەعبان محەمەد تاهیر بڕو گوللی،

بەدڵگرانیەکی زۆرەوە هەواڵی کۆچی دوایی کاك(فازڵ محەمەد تاهیر بڕو)ی بڕای بەڕێزتانمان پێگەیشت. پرسە و سەرەخۆشی ئاراستەی بەڕێزتان و تەواوی خانەوادە و دۆست و خزمانی گوللی دەکەین و خۆمان بە هاوبەشی خەمتان دەزانین. لە خودای دلۆڤان داواکارین گیانی بڕای کۆچکردووتان بەر ڕەحمەتی خۆی بخات و بە بەهەشتی بەرینی خۆی شاد بکات، دڵنەوایی و ئارامی بە ئێوە و کەسوکارتان ببەخشێت.

انا لله وانا الیه راجعون

بارەگای بارزانی

بەهۆی نزیکبوونەوەی ڕێککەوتنی نێوان هەولێر و بەغدا لەسەر پرسی نەوت و شایستە داراییەکان

نرخی زەوی و خانوو لە هەولێر بە ڕێژەی15-30% بەرز دەبێتەوە



نرخی زەویوزار لە شاری هەولێر بەشێوەیەکی بەرچاو بەرزبوونەوەی بەخۆیەوە بینیووە. خاوەن کۆمپانیایەکی خانووبەرە دەڵێت: بازاڕی خانووبەرە جوڵەیەکی باشی کردووە. نوسینگەکانی خانووبەرە هۆکاری جوڵەی خێرای نرخی خانووبەرە بۆ چەند هۆکارێک دەگەڕێننەوە، یەکێک لەوانە نزیکبوونەوەی هەولێر و بەغدایە لە ڕێکەوتنی کۆتایی لەسەر پرسی نەوت و بوودجە. چاوەڕێش دەکرێت لەگەڵ واژۆکردنی ڕێکەوتنی نێوان هەرێم و بەغدا بازاڕی خانووبەرە لە باشووری کوردستان زیاتر جوڵە بکات.

خەبات: عەلی بانیشاری

سەردار ئازاد، بەڕێوەبەری کۆمپانیای ئەملاك بۆ خانووبەرە کە شەش لقی لە شاری هەولێر هەیە، دەڵێت: بەراورد بە پێش بڵاوبوونەوەی ڤایرۆسی کۆرۆنا و چەند مانگێك لەمەوبەر گۆرانکاری لە نرخی زەوی و زار ڕووبداوە. دەشڵێت: لە سەرەتای بڵاوبوونەوەی کۆرۆنا نرخی زەوی و زار لە کوردستان و شاری هەولێر بە ڕێژەی لە 20%-15% دابەزینی بەخۆیەوە بینی، بەڵام لەو یەك دوو مانگە بەهۆی گفتوگۆکانی هەرێم و بەغدا و نزیکبوونەوە لە ڕێکەوتن و چاکسازییەکانی حکوومەتی هەرێم و هێنانی خزمەتگوزاری بۆ ئەو شوێنانەی کە بێ خزمەتگوزاری بوون، هەروەها تاپۆکردنی ئەو زەوی و زارانەی کە کارتن وایکرد نرخی زەوی و خانوو بەرز ببێتەوە.

ئەو باسی لەوەشکرد نرخی ئێستای زەویوزار لە پێش بڵاوبوونەوەی ڤایرۆسی کۆرۆناش بەرزتر.

لەبارەی بەرزبوونەوەی نرخی شووقە لە شاری هەولێر، سەردار ئازاد گوتی: بەپێچەوانەی زەوی و خانوو، نرخی شووقە دابەزینی بەخۆیەوە بینیووە، هۆکارەکەشی زۆری خستنەرووبەتی بەمەبەستی فرۆشتن. ئەو گەشبینە بە داهاتووی بازاڕی خانووبەرە لە کوردستان و دەڵێت: چاوەڕێ دەکەین نرخی زەوی و زار زیاتر بەرزببێتەوە. زیاتر گوتی: ئەگەر هەولێر و بەغدا بگەنە ڕێکەوتنی کۆتایی گومانم نییە کەرتی خانووبەرە جوڵەی زیاتر دەکات.

لەبارەی بەرزبوونەوەی نرخی زەوی و زار، بەڕێوەبەری کۆمپانیای ئەملاك بۆ خانووبەرە گوتی: بەرزبوونەوەکە بەپێی شوێن دەگۆڕێت، زۆرترین ڕێژەی بەرزبوونەوە لە شاری هەولێر لە گرد جووتیار و8ی حەسارۆکە. هەروەها ئەوەشی گوت: بەشێوەیەکی گشتی نرخی خانووبەرە بە ڕێژەی لە 30%-15% لە شاری هەولێر بەرزبووەتەوە.

بۆ/ داوالێکراو (سرهید رفیق باپیر)
شوێنی دانیشتنت نادیارە
ئامازە بە داوای ژمارە ٤٦٤/ش/٢٠٢٠/٣ تایبەت بە داواکار عطیە حمدامین عزیز و داوالێکراو سرهید رفیق باپیر دادگا لە بەرواری ٢٠٢٠/٨/٣١ بڕیاریدا بە پووچەڵکردنەوەی داوەشانەی شەرعی ژمارە ١٩٦٩ دەرچووە لەم دادگایە لە ڕێکەوتی ٢٠١٤/١٢/٣ لەبەر ئەوەی شوێنی دانیشتنت نادیارە بەپێی اشعاری موختاری گەرەکی (هیران ستی/هەولێر) بۆیە دادگا بڕیاریدا بەپێراگەیاندنت بەهۆی دوو ڕۆژنامەی ناوخۆیی ڕۆژانەو تۆ مافی نارەزایی و پێداچوونەوەت هەیە لە ماوەی یاسایی ١٠ دە ڕۆژ لە ڕۆژی بڵاوکردنەوەی ئەم ئاگادارکردنەوەیە بە پێچەوانەوە بڕیارەکە پلەی بنبڕ وەردەگرێت.
دادەور/ محی الدین عبدالرحمن مصطفی
***
دەستەی بااڵی نۆرینگە پزیشکیە میللیەکان و ڕاوێژکارییەکان
بەڕێوەبەرایەتی نۆرینگە میللیەکان و ڕاوێژکاریەکان
ژمارە/ ٧٢
ڕێکەوت/ ٢٠٢٠/٩/٢٠
جارِدانی زیادکردنی ئاشکرا بۆ جاری یەکەم
بەڕێوەبەرایەتی نۆرینگە میللیەکان و ڕاوێژکاریەکان/یاسای هەلدەستی بە ئەنجامدانی بە زیادکردنی ئاشکرا بەپێی یاسای فرۆشتن و بەکرێدانی مولکی دەولەت ژمارە ٣٢ی سالی ١٩٨٦ وە ڕێنمایی دارایی ژمارە ٥ی سالی ١٩٨٦ بۆ بەکرێدانی دەرمانخانەکانی ڕاوێژکارییەکانی (سەرکاریَز-شەهید محمد باجەاڵن-عەینکاوە-تەیراوە-سەروەران-مەاڵ فەندی) هەرکەسێك ئارەزووی بەشداری کردنی هەیە لە زیادکردنەکە سەردانی بەڕێوەبەرایەتی سەردانی بەڕێوەبەری نۆرینگە میللیەکان و ڕاوێژکارییەکان لەناو بەڕێوەبەرایەتی گشتی تەندروستی هەولێر بکات لەماوەی ٣٠ ڕۆژ دەست پێدەکات لە ڕۆژی دوای بڵاوبوونەوەی لە ڕۆژنامە کات ٤ی ئێوارە لە دیوانی بەڕێوەبەرایەتی سەرەوە وە دانانی بارمتەی یاسایی بەڕێژەی ٢٠٪ لە بری پارەی خەملێنراو بە ئامادەبوونی نوێنەری داواکاری گشتی.
دکتۆر/ دلۆڤان محمد فاتح جلال
بەڕێوەبەری نۆرینگە میللیەکان و ڕاوێژکاریەکان
***
دادگای باری کەسی دەشتی هەولێر
ژمارە/ ١٩٢/ش/٢٠٢٠
بەروار/ ٢٠٢٠/٩/١٤
جاردان
بۆ داوالێکراو/ بیستون حسین محمد
شوێنی دانیشتنت نادیارە
داواکار ڕوباك تحسین سیدۆك داوای ژمارە ١٩٢/ش/٢٠٢٠ لەسەرت تۆمارکردووە کە تیایدا داوای جیابوونەوە دەکات وە لەبەر ئەوەی شوێنی دانیشتنت نادیارە بەپێی اشعاری موختارەکانی گەرەکی کوردستان/دارەتوو بۆیە دادگا بڕیاری دا کە پێت ڕابگەیەندرێت لەڕێگای دوو ڕۆژنامەی ناوخۆیی ڕۆژانە بۆ ئامادەبوونی خۆت بریکارێکی یاسایی لە دادبینی ڕۆژی ٢٠٢٠/١٠/١٣ کاتژمێر ٩ی بەیانی بەپێچەوانەوە دادبینی پاشەمڵە و ناشکرا دەرهەقت ئەنجام دەدرێت بەپێی یاسا.
القاضی/ ناطق شمس الدین کوخا حسین
***
دادگای بەرایی هەولێر/١
ژمارە/٩٦/ب/٢٠٢٠/٢
ڕێکەوت/ ٢٠٢٠/٩/٢٠
جارِدان
داواکار/ نعمة اللە مصطفی عثمان
داوالێکراو/ سعداللە مصطفی عثمان و عبدالکریم مصطفی عثمان
شوێنی مولك/ هەولێر/بازاری گەورە پشت بانکی ڕەشید
ژمارەی مولك/ ٤٨٩ سوق
پێکهاتەی سەری/ باڵەخانەیەکی چوار نهۆمی نهۆمی زەوی ١٢ دوکان و کۆگایەك نهۆمی ١،٢،٣ هۆتێلە بۆ هەر نهۆمێك ١٠ ژوور
ڕووبەر/ ٢٩٨,٢٦م٢
نیشتەجێ/ عبدالکریم مصطفی عثمان هاوبەشە خاوەن هۆتێلە لە کاتی فرۆشتن دەردەچێ کرێکار کامران و زیاد عبداللە محمد و جوهر انوەر مصطفی جمال حمد عبداللە و یاسر صالح الدین نورالدین کرێچی دوکانەکانن لەکاتی فرۆشتن دەرناچن ٣ دوکان لەگەڵ کۆگا بەتاڵن کەسی تێدانیە.
نرخی خەملاندن/ ١,١٦٢,٢٠٠,٠٠٠
لەسەر بڕیاری ئەم دادگایە لە داوا ژمارە /٩٦ ب/٢٠٢٠/٢ ازالە شیوع نەهێشتنی هاوبەشی بڕیاردرا بە فرۆشتنی ئاشکرای ئەم مولکەی سەرەوە بۆ ماوەی ٣٠ سی ڕۆژ لە ڕۆژی بڵاوکردنەوەی لە ڕۆژنامەی ڕۆژانە جا هەر کەسێك نیازی کرینی هەیە هاوبەش بێ یان هاوبەش نەبێ سەردانی ئەم دادگایە بکات لەگەڵ دابین کردنی بارمتەی یاسایی بەڕێژەی ١٠٪ لە نرخی خەملاندنی فرۆشتنی ئاشکرا کاتژمێر ١٢ی نیوەڕۆ دەست پێدەکات هەر زیادبوونێك دوای ٥ خولەك کۆتایی دێت.
دادەوری یەکەم/ مجید سعید برادۆستی
***
دادگای بەرایی هەولێر/١
ژمارە/٢٠٠٨/ب/٢٠١٩/٦
ڕێکەوت/ ٢٠٢٠/٩/٢٠
جارِدان
داواکار/ طارق تحسین حسن
داوالێکراو/ گیلان تحسین حسن وهاوبەشەکانی
شوێنی مولك/ هەولێر/بازاری گەورە شەقامی باتا
ژمارەی مولك/ ٣٢٠ عرب
پێکهاتەی سەری/ دوکانێك لەگەڵ خانوێك لەسەر لە سێ ژوور پێکهاتووە لەگەڵ توالێت
ڕووبەر/ ٥٨,٦٥م٢
نیشتەجێ/ محمد نامق عثمان و ابراهیم نشاة عبدۆك لەکاتی فرۆشتن دەرناچن.
نرخی خەملاندن/ ٣٨٦,٩٠٠,٠٠٠
لەسەر بڕیاری ئەم دادگایە لە داوا ژمارە ٢٠٠٨/ب/٢٠١٩/٦ ازالە شیوع نەهێشتنی هاوبەشی بڕیاردرا بە فرۆشتنی ئاشکرای ئەم مولکەی سەرەوە بۆ ماوەی ٣٠ سی ڕۆژ لە ڕۆژی بڵاوکردنەوەی لە ڕۆژنامەی ڕۆژانە جا هەر کەسێك نیازی کرینی هەیە هاوبەش بێ یان هاوبەش نەبێ سەردانی ئەم دادگایە بکات لەگەڵ دابین کردنی بارمتەی یاسایی بەڕێژەی ١٠٪ لە نرخی خەملاندنی فرۆشتنی ئاشکرا کاتژمێر ١٢ی نیوەڕۆ دەست پێدەکات هەر زیادبوونێك دوای ٥ خولەك کۆتایی دێت.
دادەوری یەکەم/ مجید سعید برادۆستی
***
دادگای باری کەسی هەولێر/٦
ژمارە/ ٤١٣/ش/٢٠٢٠/٦
ڕێکەوت/ ٢٠٢٠/٩/١٥
جارِدان
بۆ داوالێکراو/ جمعة بنت الحبیب الصغیر/ شوێنی دانیشتنت نادیارە
ئامازە بە داوای ژمارە ٤١٣/ش/٢٠٢٠/٦ تایبەت بە داواکار اردالن کاکە سور عولا و داوالێکراو جمعة بنت الحبیب الصغیر دادگا لە بەرواری ٢٠٢٠/٩/٢ بڕیاریدا بە پەسەند کردنی طلاق لەبەر ئەوەی شوێنی دانیشتنت نادیارە بەپێی اشعاری موختاری هەولێر/هەولێری نوێ بۆیە دادگا بڕیاریدا بە پێراگەیاندنت بەهۆی دوو ڕۆژنامەی ناوخۆیی ڕۆژانە و تۆ مافی نارەزایی و پێداچوونەوەت هەیە لە ماوەی یاسایی ١٠ دە ڕۆژ لە ڕۆژی بڵاوکردنەوەی ئەم جارِدانەوە بە پێچەوانەوە بڕیارەکە پلەی بنبڕ وەردەگرێت.
دادەور/ مازن مظفر محمد
***
دادگەها بەرایی زاخو
ژمارە/ ١٤٥/ب/٢٠٢٠
ڕێکەفت/ ٢٠٢٠/٨/٣١
ئاگەهداری
لدویف بڕیارا مە یا ژمارە ١٤٥/ب/٢٠٢٠ ل ٢٠٢٠/٧/١٢ لدور ژ ناڤبرنا بەهرا ازالە شیوع ژ ئاقارێ ژمارە ٧٣٣/٧ کەرتێ کیستە کو سەخلەتێن وێ ل خوارێ دیارکری نە بۆ لسەر ئێك زێدەکرنا ناشکرا د ماوێ ٣٠ ڕۆژا دا دەست پێدکەت ژ ڕۆژا دی یا بەلافکرنێ د دوو ڕۆژنامێن ڕۆژانە دا و هەر کەسێ بڤێت پشکدار بیت دڤێ لسەر زێدەکرنێ دا بلا سەرەدانا ڤێ دادگەهێ بکەت داکو ١٠٪ دابین بکەت ژ کۆژمێ خەملاندنێ ئەو ژی ٥,٢٥٦,٠٠٠,٠٠٠ دینار و ئەگەر پشکدار نەبیت پشتی بورینا ماوەیێ یاسایی و گەهشتنا وی ئاقاری بو بکری کۆژمێ ڤێ ئاقاری کاش دێ ئێتە دان و ئەگەر ڕۆژا لسەر ئێك زێدەکرنێ بکەڤیتە د بهێن قەدانا فەرمی ل ڕۆژا پاشتر لسەر ئێك زێدەکرن ئێتە ئەنجامدان.
دادەور / یوسف الیاس سدن
سەخلەت/
جۆرێ ئاقاری مولکینی یە دکەڤتە سەنتەرێ باژێرێ زاخو پیکدێت ژ سێ قاتا، قاتێ ئەردی پێکدێت ژ جهێن بازرگانی و قاتێ ئێکی ژ لایێ باشوورێقە پێکدێت ژ پێنج ژوورا و هول و دەستشو، ژ لایێ باکورێقە قاتێ ئێکێ پێکدێت ژ هەشت ژوورا و هول و دەستشو و کۆگەهە و پاتێ دووێ پێکدێت ژ هەشت ژوورا و هول و دەستشوو و کۆگەهە و ڕووبەرێ وێ ٦٥٧,٦٤م٢ و خزمەتگوزاری لێ هەنە، وەك ئاف و کارەب.
***
دادگای کەتنی عەنکاوە
ژمارە/ ٢٢٧/ك/٢٠٢٠
ڕێکەوت/ ٢٠٢٠/٩/٨
بۆ تۆمەتباری هەڵاتوو/ ایاد شاکر شفیق
ئاگادارکردنەوە
لەبەر ئەوەی شوێنی نیشتەجێت نادیارە بە پشت بەستن بە ماددەی ١٤٣/ج لە یاسای بنەمای دادگاکەمان بڕیاری دا لە ڕێگای دوو ڕۆژنامەی ناوخۆیی ڕۆژانە ئاگادارت بکاتەوە بە مەبەستی ئامادەبوونت لەبەردەم ئەم دادگایە کە تۆمەتباری بەپێی ماددە ٢ لە یاسای خراپ بەکارهێنانی ئامێری پەیوەندییەکان لە کاتژمێر ٩ی بەیانی لە ڕێکەوتی ٢٠٢٠/١١/٤ بۆ دادگایی کردنت بە پێچەوانەوە خۆت بەرپرسیار دەبێت بەرامبەر دادگا.
دادەوری یەکەم / تەرزە سالار عثمان
***
دادگای کەتنی عەنکاوە
ژمارە/ ٤٠/ك/٢٠٢٠
ڕێکەوت/ ٢٠٢٠/٩/٨
بۆ تۆمەتباری هەڵاتوو/ ناصر محمد رفیق
ئاگادارکردنەوە
لەبەر ئەوەی شوێنی نیشتەجێت نادیارە بە پشت بەستن بە ماددەی ١٤٣/ج لە یاسای بنەمای دادگاکەمان بڕیاری دا لە ڕێگای دوو ڕۆژنامەی ناوخۆیی ڕۆژانە ئاگادارت بکاتەوە بە مەبەستی ئامادەبوونت لەبەردەم ئەم دادگایە کە تۆمەتباری بەپێی ئەحکامی ماددەی (١٦٠) لەیاسای تۆمارکردنی کۆمپانیاکان ژمارە (٢١) ساڵی ١٩٩٧ی هەموارکراو.
ئەم بڕیارە نووسراوە لەبەرواری ٢٠٢٠/٨/١٩
پشتیوان مصطفی قادر
بەڕێوەبەری کۆمپانیاکانی هەولێر
***
لە یاسای سزادان لە کاتژمێر ٩ی بەیانی لە ڕێکەوتی ٢٠٢٠/١١/٤ بۆ دادگایی کردنت بە پێچەوانەوە خۆت بەرپرسیار دەبێت بەرامبەر دادگا.
دادەوری یەکەم / تەرزە سالار عثمان
***
دادگای کەتنی سۆران
ژمارە/ ٣٢٥/ك/٢٠١٩
ڕێکەوت/ ٢٠٢٠/٩/٩
بۆ تۆمەتباری هەڵاتوو/ ناصح عثمان قادر
ئاگادارکردنەوە
لەبەر ئەوەی شوێنی نیشتەجێ بوونت نادیارە بۆیە پاڵپشت بە مادەی ١٤٣/ج لە یاسای بنەماکانی دادگایی کردنی سزایی دادگەکەمان بڕیاری دا لە ڕێگای دوو ڕۆژنامەی ناوخۆیی ڕۆژانە ئاگادارت بکاتەوە کەوا لە بەردەم دادگای کەتنی سۆران لە کاتژمێر ١٠:٠٠ دەی سەر لە بەیانی ڕۆژی ٢٠٢٠/١٢/١ ناماەبییت بە مەبەستی دادگایی کردنت لە داوای ژمارە ٣٢٥/ك/٢٠١٩ تایبەت بە سکالاکار سارا احمد قادر بەپێی مادەی ٣/ ثانیا/و لە یاسای باری کەسی بەپێچەوانەوە دادگایی کردن بەشێوەی پاشمڵە غیابی دەرهەقت بەڕێوەدەچێت.
دادەور/ گۆران عبدالخالق عبدالقادر
***
دادگای کەتنی سۆران
ژمارە/ ٩/ك/٢٠٢٠
ڕێکەوت/ ٢٠٢٠/٩/٩
بۆ تۆمەتباری هەڵاتوو/ ردام شنشول شمران
ئاگادارکردنەوە
لەبەر ئەوەی شوێنی نیشتەجێ بوونت نادیارە بۆیە پاڵپشت بە مادەی ١٤٣/ج لە یاسای بنەماکانی دادگایی کردنی سزایی دادگەکەمان بڕیاری دا لە ڕێگای دوو ڕۆژنامەی ناوخۆیی ڕۆژانە ئاگادارت بکاتەوە کەوا لە بەردەم دادگای کەتنی سۆران لە کاتژمێر ١٠:٠٠ دەی سەر لە بەیانی ڕۆژی ٢٠٢٠/١٢/١ ناماەبییت بە مەبەستی دادگایی کردنت لە داوای ژمارە ٣٢٥/ك/٢٠١٩ تایبەت بە سکالاکار سوران محمد رسول بەپێی مادەی ٤٥٣ لە یاسای سزادان بەپێچەوانەوە دادگایی کردن بەشێوەی پاشمڵە غیابی دەرهەقت بەڕێوەدەچێت.
دادەور/ گۆران عبدالخالق عبدالقادر
***
دادگای تاوانی هەولێر/١
ژمارە: ٤٠١/ج/٢٠١٨
ڕێکەوت: ٢٠٢٠/٩/٨
بۆ تۆمەتباری هەڵاتوو/ طه عبدالخالق طه
ئاگادارکردنەوە
لەبەر ئەوەی تۆ تۆمەتباری بەپێی ماددەی ٤/٤٤٤ لەیاسای سزادان و سەڵماندنی هەڵاتنت وە نادیاری جێگاکەت لە کاتی ئێستادا بۆیە بڕیاردرا پاڵپشت بەمادەی ١٤٣ لەیاسای بنەما دادگاییەکانی سزایی بەپێراگەیاندنت لە دوو ڕۆژنامەی ناوخۆیی ڕۆژانە بۆ ناماەبوونت لەبەردەم دادگای تاوانی یەکەم لە هەولێر لەڕۆژی ٢٠٢٠/١٢/٩ وە بەپێچەوانەوە دادگایی دەکرێن بەشێوەی پاشمڵە/ غیابی بەپێی یاسا.
سەرۆك/ عبدالباسط عبدالله فرهادی
***

بەڕێوەبەرایەتی گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان
بەڕێوەبەرایەتی پشکنین و بەدواداچوون

ژمارە: ٣٥٥٣

ڕێکەوت: ٢٠٢٠/٩/١٧

بڕیاری داخستنی لقی کۆمپانیای (بیانی)

دوای تەواو کردنی ڕێکارەکانی پاکتاوکردنی لقی کۆمپانیای (TEPKRI PIRAMAGRUN A/S) انتاج و استکشاف النفط و الغاز/ الحمدودة) (بیانی) وە پالپشت بە ماددەی ١٥ لە سیستەمی ژمارە (٥) سالی ١٩٨٩. من وەك تۆمارکاری کۆمپانیاکان بریارمدا بەداخستنی لقی کۆمپانیای ناوبراو و سرینەوەی ناوی لە تۆماری تۆمارکاری کۆمپانیاکان.

أراس رؤوف عارف

بەڕێوەبەری گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان/ بەوەکالەت

بەڕێوەبەرایەتی گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان
بەڕێوەبەرایەتی پشکنین و بەدواداچوون

ژمارە: ٣٥٥٤

ڕێکەوت: ٢٠٢٠/٩/١٧

بڕیاری داخستنی لقی کۆمپانیای (بیانی)

دوای تەواو کردنی ڕێکارەکانی پاکتاوکردنی لقی کۆمپانیای (TEPKRI QALADZE A/S) انتاج و استکشاف النفط و الغاز/ الحمدودة) (بیانی) وە پالپشت بە ماددەی ١٥ لە سیستەمی ژمارە (٥) سالی ١٩٨٩. من وەك تۆمارکاری کۆمپانیاکان بریارمدا بەداخستنی لقی کۆمپانیای ناوبراو و سرینەوەی ناوی لە تۆماری تۆمارکاری کۆمپانیاکان.

أراس رؤوف عارف

بەڕێوەبەری گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان/ بەوەکالەت

بەڕێوەبەرایەتی گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان
بەڕێوەبەرایەتی بەدواداچوون و پشکنین

ژمارە: ٣٥٨٨

ڕێکەوت: ٢٠٢٠/٩/٢٠

بڕیاری سرینەوەی کۆمپانیا سنووردار

دوای تەواو کردنی سەرجەم ڕێکارەکانی پاکتاوکردنی کۆمپانیای (Entersol) بۆ (بازرگانی گشتی و کەل و پەلی ئەلیکترۆنی/ سنووردار) وە پالپشت بە ئەحکامی ماددەی ١٧٧ لەیاسای تۆمارکردنی کۆمپانیاکان ژمارە (٢١) ساڵی ١٩٩٧ هەموارکراو.

من تۆمارکاری کۆمپانیاکان بریارمدا بە سرینەوەی ناوی کۆمپانیای ناوبراوی سەرەوە لە تۆمارەکانمان بەمەرجێ ئەم بریارە بڵاوبکرێتەوە بەپێی ئەحکامی ماددەی (١٦٠) لەیاسای تۆمارکردنی کۆمپانیاکان ژمارە (٢١) ساڵی ١٩٩٧ی هەموارکراو.

أراس رؤوف عارف

بەڕێوەبەری گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان/ بەوەکالەت

بەڕێوەبەرایەتی گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان
بەڕێوەبەرایەتی پشکنین و بەدواداچوون

ژمارە: ٨١٣٨

ڕێکەوت: ٢٠٢٠/٨/١٩

بڕیاری پاکتاوکردنی کۆمپانیای (تێنووس) بۆ (کاروباری چاپەمەنی و هونەری/ سنوردار)

پاڵپشت بەناوەڕۆکی بڕیاری دەستەی گشتی کۆمپانیای (تێنووس) بۆ (کاروباری چاپەمەنی و هونەری/ سنوردار) لە ڕێکەوتی (٢٠٢٠/٨/١٨) تایبەت بەدانانی کۆمپانیا لەژێرپاکتاوکردن و دانانی بەڕێز (هاوسەر عبدالقادر طاهر) بەپاکتاوکاری کۆمپانیای نابراو، من بەڕێوەبەری کۆمپانیاکانی هەولێر بڕیاری ناوبراوی سەرەوەم پەسەندکرد بەمەرجێك بڵاوبکرێتەوە بەپێی ئەحکامی ماددەی (١٦٠) لەیاسای تۆمارکردنی کۆمپانیاکان ژمارە (٢١) ساڵی ١٩٩٧ی هەموارکراو.

ئەم بڕیارە نووسراوە لەبەرواری ٢٠٢٠/٨/١٩

پشتیوان مصطفی قادر

بەڕێوەبەری کۆمپانیاکانی هەولێر

ئاگاداری

ئاگاداری گشت لایەك دەکەینەوە کۆمپانیای کۆمپانیای (تێنووس) بۆ (کاروباری چاپەمەنی و هونەری/ سنوردار) بڕیاری پاکتاوکردنی کۆمپانیای داوە، بۆیە هەر کەسێك یان هەر لایەنێك مافێکی لەسەر کۆمپانیا هەیە با لە ماوەی یاسایی دا ئاگاداری پاکتاوکار بکاتەوە لە (پارێزگای هەولێر)

پاکتاوکار/ ب/ هاوسەر عبدالقادر طاهر

ناونیشان/ هەولێر/ هیوا ستی

ژ. مۆبایل/ ٠٧٥٠٤٢٣٣٣٣٥

دادگای تاوانی هەولێر/
ژمارە: ٦١/ج/٢٠٢٠
ڕێکەوت: ٢٠٢٠/٩/١٣
بۆ تۆمەتباری هەلاتوو/ مهناز فاطر مصلح
ئاگادارکردنەوە
لەبەر ئەوەی تۆ تۆمەتباری بەپێی مادەی ٤٠٦ لەیاسای سزادان و سەلماندنی هەلاتنت وە نادیاری جێگاکەت لە کاتی ئێستادا بۆیە بریاردرا پاڵپشت بەمادەی ١٤٣ لەیاسای بنەماکانی سزایی بەپێراگەیاندنت لە دوو ڕۆژنامەی ناوخۆیی ڕۆژانە بۆ ناماوەبوونت لەبەردەم دادگای تاوانی یەکەم لە هەولێر لەڕۆژی ٢٠٢٠/١٢/٦ وە بەپێچەوانەوە دادگایی دەکرێن بەشێوەی پاشملە/غیابی بەپێی یاسا.
سەرۆک/ عبدالباسط عبدالله فرهادی
***
دادگای کەتنی هەولێر/
ژمارە: ٧٣٢/ك/١/ ٢٠١٩
بەروار: ٢٠٢٠/٩/٢
بۆ تۆمەتباری هەڵاتوو: سیروان خضر مولود
ئاگادارکردنەوە
لەبەرئەوەی شوێنی نیشتەجێت نادیارە بۆیە پشت بەستن بە مادەی١٤٣/ لە یاسای بنەماکانی دادگایی کردنی سزایی، دادگاکەمان بڕیاریدا لە ڕێگای ڕۆژنامەی ناوخۆی ڕۆژانە ئاگادارت بکاتەوە بە مەبەستی ئامادەبوونت لەبەردەم ئەم دادگایە کاتژمێر (٩)ی بەیانی لە ڕۆژی ٢٠٢٠/١١/١ بەمەبەستی دادگایی کردنت بەپێی مادەی یاسایی (٢١) لە یاسای (هاتوچۆ)، بەپێچەوانەوە خۆت بەرپرسیاری بەپێی یاسا.
دادوەری یەکەم/ گیلانی أحمد محمدامین
***
دادگای کەتنی هەولێر/
ژمارە: ٦٠٨/ك/١/ ٢٠٢٠
بەروار: ٢٠٢٠/٩/٦
بۆ تۆمەتباری هەڵاتوو: شاخەوان چتو عولا
ئاگادارکردنەوە
لەبەرئەوەی شوێنی نیشتەجێت نادیارە بۆیە پشت بەستن بە مادەی١٤٣/ لە یاسای بنەماکانی دادگایی کردنی سزایی، دادگاکەمان بڕیاریدا لە ڕێگای ڕۆژنامەی ناوخۆی ڕۆژانە ئاگادارت بکاتەوە بە مەبەستی ئامادەبوونت لەبەردەم ئەم دادگایە کاتژمێر (٩)ی بەیانی لە بەروارى ٢٠٢٠/١١/٩بەمەبەستی دادگایی کردنت بەپێی مادەی یاسایی (٤٤٦) لە یاسای (سزاکان)، بەپێچەوانەوە خۆت بەرپرسیاری بەپێی یاسا.
دادوەری یەکەم/ گیلانی أحمد محمدامین
***
دادگای کەتنی هەولێر/
ژمارە: ٣٢٨/ك/١/ ٢٠٢٠
بەروار: ٢٠٢٠/٩/٦
بۆ تۆمەتباری هەڵاتوو: هەردی رشاد جمیل
ئاگادارکردنەوە
لەبەرئەوەی شوێنی نیشتەجێت نادیارە بۆیە پشت بەستن بە مادەی١٤٣/ لە یاسای بنەماکانی دادگایی کردنی سزایی، دادگاکەمان بڕیاریدا لە ڕێگای ڕۆژنامەی ناوخۆی ڕۆژانە ئاگادارت بکاتەوە بە مەبەستی ئامادەبوونت لەبەردەم ئەم دادگایە کاتژمێر (٩)ی بەیانی لە بەروارى ٢٠٢٠/١١/٩بەمەبەستی دادگایی کردنت بەپێی مادەی یاسایی (٤٥٦) لە یاسای (هاتوچۆ)، بەپێچەوانەوە خۆت بەرپرسیاری بەپێی یاسا.
دادوەری یەکەم/ گیلانی أحمد محمدامین
***
دادگای کەتنی هەولێر/
ژمارە: ٥٥٤/ك/١/ ٢٠٢٠
بەروار: ٢٠٢٠/٨/٢٦
بۆ تۆمەتباری هەڵاتوو: هەلگورد محمد طاهر
ئاگادارکردنەوە
لەبەرئەوەی شوێنی نیشتەجێت نادیارە بۆیە پشت بەستن بە مادەی١٤٣/ لە یاسای بنەماکانی دادگایی کردنی سزایی، دادگاکەمان بڕیاریدا لە ڕێگای ڕۆژنامەی ناوخۆی ڕۆژانە ئاگادارت بکاتەوە بە مەبەستی ئامادەبوونت لەبەردەم ئەم دادگایە کاتژمێر (٩)ی بەیانی لە بەروارى ٢٠٢٠/١٠/٢٥بەمەبەستی دادگایی کردنت بەپێی مادەی یاسایی (٤٥٦) لە یاسای (هاتوچۆ)، بەپێچەوانەوە خۆت بەرپرسیاری بەپێی یاسا.
دادوەری یەکەم/ گیلانی أحمد محمدامین
***
دادگای کەتنی هەولێر/
ژمارە: ٦٠٨/ك/١/ ٢٠٢٠
بەروار: ٢٠٢٠/٩/٦
بۆ تۆمەتباری هەڵاتوو: شاخەوان چتو عولا
ئاگادارکردنەوە
لەبەرئەوەی شوێنی نیشتەجێت نادیارە بۆیە پشت بەستن بە مادەی١٤٣/ لە یاسای بنەماکانی دادگایی کردنی سزایی، دادگاکەمان بڕیاریدا لە ڕێگای ڕۆژنامەی ناوخۆی ڕۆژانە ئاگادارت بکاتەوە بە مەبەستی ئامادەبوونت لەبەردەم ئەم دادگایە کاتژمێر (٩)ی بەیانی لە بەروارى ٢٠٢٠/١١/٩بەمەبەستی دادگایی کردنت بەپێی مادەی یاسایی (٤٤٦) لە یاسای (سزاکان)، بەپێچەوانەوە خۆت بەرپرسیاری بەپێی یاسا.
دادوەری یەکەم/ گیلانی أحمد محمدامین
***
دادگای کەتنی هەولێر/
ژمارە: ٣٢٨/ك/١/ ٢٠٢٠
بەروار: ٢٠٢٠/٩/٦
بۆ تۆمەتباری هەڵاتوو: هەردی رشاد جمیل
ئاگادارکردنەوە
لەبەرئەوەی شوێنی نیشتەجێت نادیارە بۆیە پشت بەستن بە مادەی١٤٣/ لە یاسای بنەماکانی دادگایی کردنی سزایی، دادگاکەمان بڕیاریدا لە ڕێگای ڕۆژنامەی ناوخۆی ڕۆژانە ئاگادارت بکاتەوە بە مەبەستی ئامادەبوونت لەبەردەم ئەم دادگایە کاتژمێر (٩)ی بەیانی لە بەروارى ٢٠٢٠/١١/٩بەمەبەستی دادگایی کردنت بەپێی مادەی یاسایی (٤٥٦) لە یاسای (هاتوچۆ)، بەپێچەوانەوە خۆت بەرپرسیاری بەپێی یاسا.
دادوەری یەکەم/ گیلانی أحمد محمدامین
***
دادگای کەتنی هەولێر/
ژمارە: ٥٥٤/ك/١/ ٢٠٢٠
بەروار: ٢٠٢٠/٨/٢٦
بۆ تۆمەتباری هەڵاتوو: هەلگورد محمد طاهر
ئاگادارکردنەوە
لەبەرئەوەی شوێنی نیشتەجێت نادیارە بۆیە پشت بەستن بە مادەی١٤٣/ لە یاسای بنەماکانی دادگایی کردنی سزایی، دادگاکەمان بڕیاریدا لە ڕێگای ڕۆژنامەی ناوخۆی ڕۆژانە ئاگادارت بکاتەوە بە مەبەستی ئامادەبوونت لەبەردەم ئەم دادگایە کاتژمێر (٩)ی بەیانی لە بەروارى ٢٠٢٠/١٠/٢٥بەمەبەستی دادگایی کردنت بەپێی مادەی یاسایی (٤٥٦) لە یاسای (هاتوچۆ



عێراق لە قۆناغی حوکمڕانیی مستەفا کازمیدا

خەبات: تریفە ئازاد

لەوتەی مستەفا کازمی پایەی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیرانی عیراقی وەرگرتووە ، کەوتۆتە جموجۆڵ و نواندنی چالاکی جۆراوجۆر ، ئەمەش ئاستی ناوخۆی عیراق و تەنانەت کۆمەڵگەی نێودەوڵیشی خستۆتە دوو بەرەوە ، بەرەیەك پێی وایە لەبەر ئەوەی هیچ پارتێکی دیاریکراو پشتی ناگرێ بۆیە ئاستەمە بتوانی گۆڕانکاریی بنەڕەتی لە عیراق بخولقینی و ئەو تەنانەت دەستی بەسەر میلیشیا چەکدارەکانیشدا ناشکێ ، هاوکات باس لەوە دەکەن کە کێشەکانی عیراق لەو گەورەترن، لەوڵاش بەرەیەکی دیکە باس لەوە دەکات کە کازمی کەسێکی بوێرە و توانیویەتی خۆی لە قەرەی چەند دۆسیە و کێشەیەك بدات کە ئەوانی پێش خۆی نەیانتوانیوە ئەمە بکەن. لەو بارەوە کۆمەڵێك پرسیارمان ئاراستەی چەند شارەزا و ئەکادیمییەك کرد و بۆچوونەکانیان دەخەینە روو.

دکتۆر هاوڕێ کەمال ،مامۆستای زانکۆ و شارەزا لە کاروباری دەستور:

ڕێکنەکەوتنی حکومەتە یەک لە دوا یەکەکانی عێراق لەگەڵ حکومەتە یەک لە دوا یەکەکانی هەرێم لەسەر بابەتی بودجە ڕەهەندی سیاسی هەیە و مەبەست لە دوایەوە لاوازکردنی پێگەی سیاسی هەرێمی کوردستانە

دەستوور دایکی یاساکانە

بێگومان دەستوور پێویستییەکی سیاسی و یاساییە کە دەبێت هەموو کیانێکی سیاسی هەبێت، جا ئەو کیانە دەوڵەت بێت یان هەرێم یان ویلایەت ...هتد، ئەم پێویستییەش لەوەوە دێت کە دەستوور دایکی یاساکانە و ڕێڕەوی یاساکان دیاری دەکات و دەبێتە ئەو چوارچێوەیەی کە یاساکانی لە نێودا ڕێك بخرێت و دژ بەیەکیی نەبێت لە نێوان یاساکان، لە ڕووە سیاسییەکەشەوە دەستوور دەبێتە ئەو گەرەنتییەی کە ماف و ئەرکی هەموو لایەنە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکان لە لایەك بپارێزێت و لە لایەکی دیکەش دەسەڵاتی هەر سێ دەسەڵاتەکە - یاسادانان، جێبەجێکردن، دادوەری- دیاری بکات، بۆیە دەستوور ئەو چەترە یاسایی و سیاسییەیە کە پێویستە هەبێت جا نووسراو بێت یان نەنووسراو.دەربارەی دەستووری عێراق، وەك ڕای زۆربەی یاساناسان و شارەزایانی بواری دەستووری ئێمەش هەمان بۆچوونمان هەیە کە دەستووری عێراقی ساڵی ٢٠٠٥ سەرەڕای هەبوونی تێبینی لەسەری بەڵام یەکێکە لە دەستوورە باشەکانی جیهان و باشترین دەستوورە لە نێو دەستوورە ڕابردووەکانی عیراق، بۆیە ئێمە کێشە سیاسییەکان لە خودی دەستوورەکە نابینین بەڵکو بە پێچەوانەوە کێشەکە لەوەدایە کە دەستوورەکە جێبەجێ ناکرێت، بۆیە ئێمە چارەسەری کێشەکان لە ناوەڕۆکی دەستوورەکەدا دەدۆزینەوە ئەگەر وەکو خۆی جێبەجێ بکرێت.



بە پێی دەستوور ئالیەتی پارێزگاریکردن لە بنەماکانی دەستوور دیاریکراون

ئایا جێبەجێ نەکردنی دەستوور و پێشێلکردنی بنەماکانی لە لایەن حکومەتەکانی عێراقەوە کارێکی بەرنامە داڕێژراو بووە یان نا؟ هەڵبەتە ئەو عەقلییەتانەی کە لە بەغدا دەسەڵاتییان گرتە دەست پاش دانانی ئەم دەستوورە زۆر جیاواز نەبوون لەگەڵ ڕژێمی بەعس لە دیدیان بەرامبەر بە کورد، دەکرێت بڵێین سەرەتای هاتنی حزبی بەعس بۆ سەر دەسەڵات لەگەڵ سەرەتای هاتنی ئۆپۆزسیۆنی عێراقی لێکچوونێکی زۆریان هەبوو، یەکەم جار بە پێشاندانی نیازپاکی بەرامبەر بە کورد و دانان بە هەندێك مافی گەلی کورد و هەڵپەساردنی هەندێکی تر، تا ئەو کاتەی جێی خۆیان لە دەسەڵات قایم کرد ئینجا قۆناغی پاشگەزبوونەوە لە بەڵێنەکان دەستی پێکرد بە تایبەتی لە بابەتە هەڵپەسێردراوەکان، بۆیە دەبینم کە ئەمەی ئێستا ڕووەدات لە پێشێلکردنی بنەماکانی دەستوور کارێکی بەرنامە داڕێژراو بێت و هەوڵی لاوازکردنی هەرێم بێت تا ئەو کاتەی بەتەواوەتی کێشە ناوخۆییەکانی مالّی سیاسی شیعە بنبڕ دەکرێت و لایەنێکیان تەواوی دەسەڵاتی دەکەوێتە ژێر دەست ئەو کات هەلیان دەبێت بۆ لەناوبردنی هەرێم بەتەواوەتی و فەرمانبەرە کورە ژێر دەستەکانیان دەنێرن و دەیانکەن بە حاکم و سەرداری کارتۆنی کوردستان و هەمان سیناریۆی ڕژێمی بەعس دووبارە دەکەنەوە.ئەم نیاز و هەوڵانەی سەرانی بەغدا لەوە کەم ناکاتەوە کە ئێمەی کوردیش کەم تەرخەم بووینە لە داواکردن و پێداگریان لە جێبەجێکردنی دەقە دەستوورییەکان، خۆ هەر بە پێی ئەم دەستوورە ئالیەتی پارێزگاریکردن لە بنەماکانی دەستوور دیاریکراون، دوو لە گرنگترینیان کە کورد دەیتوانی زیاتر کاریان لەسەر بکات جولاندنەوەی داوا بوو لەسەر حکومەت لە پێش دادگای باڵای فیدراڵی کە ئەم دادگایە بە پێی ماددەی ٩٣ی دەستوور تایبەتمەندە لە بینینی ئەو داوایانە، ئەوی تریان بەکارهێنانی دەسەڵاتی سەرۆك کۆمار بوو لە پاراستنی دەستوور کە لە ماددەی ٦٧ی دەستووردا باسی لێوە کراوە و وەك ئاشکرایە کە لە سەرەتای بەکاربوونی ئەم دەستوورەوە تاکو ئێستا سەرۆك کۆمار لە نەتەوەی کورد بووە، ئەمانە وەك ڕێگای دەستووری و یاسایی، وەکو ڕێگای سیاسیش کورد کارتی بەشداری نەکردنی هەبووە لە حکومەتی عێراقی وەك دەستپێك و کشانەوە لە تەواوی پرۆسەی سیاسی لە عێراق وەکو بەهێزترین کارت بە تایبەت لە سەرەتاکانی ساڵانی دوای دانانی دەستوور، کە پێم وایە ئەم کارتەش ڕۆژ لە دوای ڕۆژ بەرەو لاواز بوون دەڕوات و دەگاتە ڕۆژێك بەکارهێنانی و نەهێنانی وەکو یەك وایە و بگرە لەوەیە دەسەڵاتدارانی بەغدا خۆیان بەشداری بە کورد نەکەن.

هێزی پێشمەرگە هێزێکی دەستوورییە

پێشمەرگەی کوردستان ئەو هێزەیە کە هەموو وڵاتان سەرسامن بە ئازایەتی و قارەمانیەتی وە هێزی پێشمەرگەی کوردستان هێزێکی دەستوورییە و لە جەنگی دژ بە داعش تاکە هێز بوو مایەوە لە عێراق و توانی لە سەرەتاکانی بڵاوبوونەوەی هێزەکانی داعش خۆڕاگر بن و پێشیان بگرن و نەك هەر ئەوەندەش بەڵکو هێزەکانی پێشمەرگە توانییان بۆشاییەکانی سوپای عیراقیش پڕ بکەنەوە لە جێگا کوردستانییەکانی کە تێکشکان و بەجێیان هێشت، هەر بۆیە لە ئەنجامی تێکشکان و نمچە هەڵوەشاندنەوەی سوپای عیراق بە فەتوای مەرجەعییەتی شیعە لە عێراق هێزێکی میللی پێکهێندرا بە ناوی حەشدی شەعبی بۆ بەرگریکردن لەو شوێنانەی کە بە دەستی حکومەتی عێراقییەوە مابوون ، هەروەها بۆ دوورخستنەوەی مەترسی لەسەر شوێنە ئاینییەکانی شیعە ، هەڵبەتە ئەم هێزانە ڕۆڵی باشیان بینی لە بەرگریکردن و بەشێك بوون لە فریادڕەسی دەوڵەتی عێراقی، بەڵام ئەو هێزانە بۆ ماوەیەکی دیاریکراو دروستکران و پاش قۆناغی شەڕ هیچ زەرورەتێکی ئەمنی و سەربازییان نەماوەتەوە، بۆیە حزبە سیاسییەکانی شیعە درکیان بەمە کردبوو پێش وەختە و نەیاندەویست ئەم هێزانە هەڵبوەشێندرێنەوە پاش شەڕی داعش و دەیانووسیت هەر بیهێڵنەوە بۆ شەڕی سیاسی و هەڵبژاردنی خۆیان، ئەوە بوو لە پەرلەمانی عێراقی کە حزبە شیعییەکان کردوویانە بە چێشتخانەی سیاسی خۆیان و هەموو بڕیارە تائیفییەکان بە بەرگێکی یاساییەوە لێوە دەڕەچوێنن توانیان ئەو هێزانە بە یاسایی بکەن و بیپارێزن لە هەڵوەشاندنەوە یان تێکەڵکردن لەگەڵ سوپای عێراقی، کە ئەمەش دەبێتە هۆی ئەوەی عێراقییەکان باجی گەورەی ئەم کارە بدەن و پرۆسەی دیموکراسی لە عیراقدا بە شێواوی دەهێڵیتەوە.

ڕەهەندە سیاسیەکانی ئەجێندای دەسەڵاتدرانی عێراق

پێمان وایە بابەتی ڕێك نەکەوتنی حکومەتە یەك لە دوا یەکەکانی عێراق لەگەڵ حکومەتە یەك لە دوا یەکەکانی هەرێم لەسەر بابەتی بودجە ڕەهەندی سیاسی هەیە و بەشێکە لەو ئەجیندایەی کە دەسەڵاتدارانی عێراق پەیڕەوی دەکەن بۆ لاوازکردنی پێگەی سیاسی هەرێمی کوردستان لە ڕێی لاوازکردنی پێگەی ئابووری هەرێمەوە، وەك ڕووەن و ئاشکرایە هەرێمی کوردستان پێشکەوتنێکی یەکجار گەورەی بەخۆیەوە بینی لە ماوەی ساڵانی رابردوو لە ڕووی ئابوورییەوە کە ئەمە وای کردبوو بێتە جێی تێڕامانی وڵاتانی هەرێمی و دونیا، کە ئەمەش پێگەی سیاسی هەرێمی کوردستانی لە ناوەوە و دەرەوەی عێراق بەهێز کردبوو، بۆیە دەسەڵاتدارنی بەغدا درکیان بەم مەترسییە جدییە کردبوو و دەیانەوێت ئەم هێزانە هەوڵبدەن بەشێوەیەك بەستێتەوە کە ئەگەر هەوڵی زیادکردنی داهاتی خۆی بدات و وەبەرهێنانی بیانی رابکێشێت بۆ ناو هەرێم و سەرچاوەکانی داهات زیاد بکات و جوڵانەوەی بازرگانی بەهێز بکات و ناوچەی ئابووری ئازاد دروست بکات و وەرگرتنی باج و میرانە و دەستەبەری کۆمەڵایەتی سەر لە نوێ ڕێك بخاتەوە و یاسای پتەو دەربکات لەم بارانەوە و لە هەمووی گرنگتر ئەوەیە کە دەبێت هەرێمی کوردستان پشت بە داهاتی نەوت نەبەستێت وەکو سەرچاوەیەکی سەرەکی و سوود لە ئەزموونی ئەو وڵاتانە وەربگرێت کە نەوتیان نییە و ئابووریان زۆر بەهێزترە لە وڵاتانی نەوتی.

مانشێت

نیویۆرک تایمز:

لە سەنتەری پۆستی ئەمەریکی دەست بەسەر نامەیەمدا گیرا کە ئاراستەی کۆشکی سپی کرابوو و مادەی رایسینی ژەهراوی تێدا بووە.



ئیندیپینڈینت:

وەك وەڵامێك بۆ یەکێتی ئەورووپا ،نیکۆڵاس مادۆری سەرۆکی ڤەنزویلا دووپاتی کردەوە کە مەحاڵە هەڵبژاردنی پەرلەمانیی وڵاتەکەی دوا بخرێ.



سکای نیوز:

بە پێچەوانەی هەموو راگەیانراوە پێشوەکانی، ڕێکخراوی تەندروستی جیهان رایگەیاند دەکرێ وەك چارەسەرێك بۆ ڤایرۆسی کورۆنا پشت بە دەرمانێکی دروستکراو لە چەند گیایەکی ئەفریقی ببەسترێ.



ڕۆژنامەی ئەلشەرقولئەوسەت:

پەکین هۆشداری دا لەوەی لە پێناوی ڕێگەگرتن لە نزیکبوونەوەی تایوان و ئەمەریکا ئامادەیە پەنا بۆ هەموو ڕێگەچارەیەك ببات ، تەنانەت ئەو ئامادەیە سەرۆکی تایوانیش بکاتە ئامانج.



فرانس 24:

ئەمەریکا جارێکی دیکە هەموو سزاکانی پێشووی نەتەوە یەکگرتوەکانی بەسەر ئێراندا سەپاندەوە و هەڕەشەشی لەوانە کرد کە ئەم سزایانە پێشێل ئەکەن.



کەنالی ئار تی:

بەرپرسێکی سەربازیی ئیسرائیلی بە دووری نەزانی حەسەن نەسرولای ئەمینداری گشتی حزبوڵای لوبنانی بکرێ بە ئامانج .







چەند راسپاردەیەک بۆ ئاودانی درەختی سێو

چەند رێنماییەکی هونەری هەیە پێویستە خاوەن باخەکانی سێو لە کاتی ئاودان ئاگاداری بن وەك:-

یەکەم. باشترە رێژەی خوێ لە ئاوی ئاودان لە 600 – 700 بەش لە ملیۆن رەت نەدات، بۆ ئەوەی بەرهەم کەم نەکات و کاریگەری خراپی بۆ دارەکان نەبێت.

دووەم. زێدا رۆیی لە بەکارهێنانی ئاو نەکرێت، لە هەمانکاتدا نابێت دارەکان تێنوو بکرێن بە تایبەتی لە قۆناخی گوڵکردن و دوستبوونی بەر دا، پێویستییە ئاوییەکانی قۆناخە جیاوازەکان دەبێت دەستەبەر بکرێت.

سێیەم. هەر لە سەرەتای چاندنەوە بە دوو ریز سۆندە، دارەکان ئاو دەدرێن ئەوەش هاوکارە بۆ خێرا بڵاوبوونەوەی کۆمەڵەی ڕەگ و گەشەپەکەی خێرای دار و چەسپاندنی دارەکە لە نێو خاکدا.

چوارەم. هەوڵدان بۆ ئەوەی کۆمەڵەی ڕەگ بچێتە قوڵایی زەوی بە تایبەتی کاتێك داری کورتە باڵا بەکار دەهێنرێت.

پێنجەم. دوای رنینی بەرهەم، کرداری ئاودان ناوەستێت، هەروەها کەمیش ناکرێتەوە.

شەشەم. لە کاتی متبوونی دارەکان ئاودان بەردەوام دەبێت، بەڵام بە بڕێکی کەم و لە ماوەی دووردا بۆ پاراستنی شێداری چینی سەرەوەی زەوی بۆ ئەوەی ڕەگەکانی ئەم چینە لە وشکی بپارێزرێت.

حەوتەم. لە سەرەتای وەرزی نشونماکردنی تازەدا ئاودانێکی زۆر بۆ دارەکان دەکرێت بە تایبەتی لە مانگی شوبات بۆ ئەوەی لە فۆناخی گوڵکردندا بە پێی پێویستی ئاو بەکار بێت.

هەشتەم. سۆندەی ئاودان لە یەك شوێنی دیاریکراو دادەندرێت و جوڵەی پێ ناکرێت.

نۆیەم. پێویستە ئاوی ئاودان بەر قەدی دار نەکەوێت، بۆ پاراستنی دارەکە لە نەخۆشییە کەڕووەکان.



خەسڵەتە سەرسوڕهێنەرەکانی گێزەر

گێزەر بەروبوومێکی سەوزەی ڕەگییە بە ڕادەیەکی زۆر لە جیهاندا بڵاوبۆتەوە بەهۆی سوودە تەندروستییەکان و خەسڵەتە چارەسەریی و تامە خۆشەکەی.

(میکائیل گینسبۆرگ) شارەزای خۆراکی ڕوسی جەخت لە سوودەکانی گێزەر دەکاتەوە کە بە شێوەیەکی گشتی گێزەر فرمانەکانی گورچیلە و جگەر و کۆئەندامی هەرس باش دەکات. کێزەریش وەك هەر سەوزەیەکی ڕەگی هانی دەدانی ڕژێنی جگەر (زەردەو) دەدات و توانای میزکردن زیاد دەکات. دەوڵەمەندە بە پۆتاس بەوەش بڕی میز زیاد دەبێت، ئەوەش بە سوودە بۆ ئەو کەسانەی هەوکردنی کۆئەندامی میزڵدان و گورچیلەیان هەیە، لە هەمانکاتدا گێزەر ڕێژەیەکی بەرزی لەفیتامین A تێدایە و تێبینی کراوە ئەو کەسانەی کەمی ئەو ڤیتامینەیان هەیە توشیی بەردی گورچیلە و هەوکردنی میزڵدان و کورچیلە دەبن.

سوودی دووەمی گێزەر بریتییە لە پاراستنی جەستە لە برینە شێرپەنجەییەکان. چونکە مادەی (پیتاکارۆتین) کە بە ڕێژەیەکی زۆر لە پێکهاتەکەیدا هەیە، مادەیەکی دژە ئۆکسین و هەوکردنە و تێکچونی ترشیی ناوەکی کەمدەکاتەوە و هاوکار دەبێت لە دووبارە دروستبوونەوەی بەشە فەوتاوەکەی. بۆیە خواردنی ڕۆژانەی گێزەر مەترسیی توشبوون بە ژمارەیەکی زۆری نەخۆشییەکانی شێرپەنجە کەمدەکاتەوە وەك شێرپەنجەی قۆڵۆن و مەمك و پرۆستات.

بەرزکردنەوەی بەرگری جەستە یەکێ لە تایبەتمەندییەکانی گێزەرە بەهۆی ئەو دژە ئۆکسین و پیتاکارۆلین)نەی تێدایە و خانەکانی بەرگری و خانە لەمفاوییەکان لە فەوتان دەپارێزێت و توای بەرگری زیاد دەکات بەوەش سیستەمی بەرگری بەهێز دەبێت.

لە درێژەی قسەکانیدا ئەو شارەزایە ڕووسییە دەڵێ: کەم کەس دەزانن کە گێزەر ئەگەری توشبوون بە ڕەقبوونی خوێنبەرەکان کەم دەکاتەوە واتا ڕێگری لە جەڵتەی مێشك و ماسولکەکانی دڵ دەگرێت، ئەنجامی لێکۆڵینەوە زانستییەکان دەریدەخات، گێزەر ئاستی کولیسترۆڵی خوێن دادەبەزێنێت. خواردنی ڕۆژانەی 200 گرام گێزەر بۆ ماوەی چەند حەفتەیەك ئاستی کۆلیسترۆڵی زیان بەخش بە ڕێژەی 11% کەم دەکاتەوە.

پڕۆژەی پەروەردەکردنی مریشک بۆ بەرهەمهێنانی هێلکەی خۆماڵی

پڕۆژەی پەروەردەکردنی مریشکی هیلکەکەر بۆ بەرهەمهێنانی هێلکە بە سەرکەوتووترین پڕۆژەی وەبەرهێنان هەژمار دەکرێت. ئێستا هێلکەی خۆماڵی لە بازارەکان ویستراوە و نرخێکی باشی هەیە، بەهۆی بەها خۆراکییە بەرزەکەی و تامە خۆشەکەی، بە سەرچاوەیەکی گرنگی پڕۆتین و ڤیتامین و کاناکان دادەندرێت کە جەستە پێویستی پێیەتی.

پەروەردەکردنی مریشکی خۆماڵی دوو ئامانجی هەیە: بۆ گۆشتەکەی و پەروەردەکردن بۆ هێلکەکەی.

هێلکەی خۆماڵی بە هۆی تامە خۆشەکەی و بەها خۆراکییە بەرزەکەی و نەبوونی مادەی دروستکراو و لە پێکهاتەکەیدا، لە هەمانکاتدا بە شێوەیەکی سروشتی پەروەردە دەکرێت و هیچ مادەی کیمیایی و هۆرمۆناتی دروستکراو لە کاتی پەروەردەکردندا بەکار ناهێنرێت بە هۆی ئەم هۆیانەوە داخوازی زۆری لەسەرە، دامەزراندنی ئەم پڕۆژەیە سوودی باش بە خاوەنەکەی دەگەیەنێت. هەنگاوەکانی جێبەجێکردنی ئەم پڕۆژەیە بریتییە لە:-

یەکەم. ئەو پڕۆژەیە بۆ ئەو کەسانە باشە کە لە گوند و لادێکاندا دەژین و ڕووبەری فراوانیان لەبەر دەستدایە بۆ بەخێوکردنی مریشك. یان بەکرێگرتنی شوێنێکی گونجاو و نزیك شوێنی حەوانەوە بۆ ئەوەی بە ئاسانی بتوانێت چاودێری پڕۆژەکەی بکات.

دووەم. بە ژمارەیەکی مریشکی کەم دەست بەکار دەبین بۆ وەرگرتنی زانیاری تەواو لەسەر بەڕێوەبردنی پڕۆژەکە، بۆ نموونە دەتوانین تەنها بە 30 مریشك دەست پێبکەین بۆ وەرگرتنی شارەزایی و کۆکردنەوەی زانیاری و لێکۆڵینەوە و پرسین لە کەسانی خاوەن ئەزموون پاشان پڕۆژەکە گەورەتر دەکرێت.


سێیەم. کرینی مریشك لە سەرچاوەیەکی باوەڕ پێکراو و تەمەنیان لە 5 مانگ کەمتر نەبێت لە قۆناخی یەکەمدا، باشتر وایە مریشکی ئامادە بۆ هێلکەکردن بکڕدرێت بۆ کەمکردنەوەی ماوەی چاوەڕوانی. پاش وەرگرتنی شارەزایی دەکرێت جوجەڵەی گونجاو بکرێ بۆ بەدەستهێنانی باشترین جۆری مریشك.

چوارەم. خۆراکدانی مریشك: نانی وشك و گەنم و هەندێك دانەوێڵە تێکەڵ دەکرێت و دەهاڕدرێت بۆ ئەوەی هەرسکردنی ئاسان بێت. لەگەڵ ئالیکی سەوز و وێنجە و پاشماوەی خۆراکی ماڵ و سەوزە و میوە.

پێنجەم. کاتێك مریشکەکان دەستیان بە هێلکەکردن کرد، هێلکەکان کۆ بکەوە و سەرەتا بیفڕۆشە کەسە نزیکەکانت پاشان ئەگەر ژمارەیان زۆر بوو دەبردرێتە مارکێت و بازارەکان.



حکومەتی ئیتاڵیا کارگەیەکی زەیتونی پێشکەش بەجووتیارانی کوردستان کرد



سەرۆکی کۆمەڵەی هەرەوەزی زەیتون:

داوا لە جوتیارانی خۆمان دەکەین لە کاتی لێ کردنەوەی زەیتون هەوڵی ئەوەبدەن کە زیتونەکە پێ بگات ئینجا لێی بکەنەوە تا باشترین ڕۆن دەربچێت





ڕاپۆرتی/ سەید فاتیح بەرزنجی

پێشتر لەکوردستان کارگەی بەرهەم هێنانی زەیتون نەبوو لەدەرەوە ئەو جۆرە بەرهەمانە هاوردە دەکرا جگە لە زەیتوون بەرهەمەکانی دیکەی قوتووبەند لەدەرەوە هاوردە دەکرێت. ئەگەر بازرگانانی کوردستان گرنگی زیاتر بە کارگە و کارخانە بدەن ئەوا حکومەتی هەرێمی کوردستان ئاسانکاری تەواویان بۆ دەکات، وچەندین کارگەی دیکە هەن و پێویستیان بە پاڵپشتی کردن هەیەو دانانی کارگەی زەیتون لەکوردستان بەلای هاوواڵتیان زۆرگرنگەوخواردنی زەیتون لەکوردستان لەلای هاووڵاتیان بەتامو چێژە، هەر بۆیە دانانی ئەو جۆرە کارگانە زۆر پێویستە. دەربارەی چۆنیەتی دانانی ئەوکارگەیە سەردانی کارگەی زەیتونی سەر بە کۆمەڵەی هەرەوەزی زەیتونمان کرد.

ئەو کارگەیە باشترین جۆری زەیتوون بەرهەم دەهێنێ

(نیعمەت مەولود قادر) سەرۆکی کۆمەڵەی هەرەوەزی زەیتون سەبارەت بەو کارگەیە بۆ خەبات ڕوونیکردەوە: دیارە حکومەتی ئیتاڵیا لە ساڵی2016 بەدیاری بۆ جووتیارانی باغی زەیتونی هێنا لەڕێگەی وەزارەتی کشتوکاڵ و ئەوانیش داوایان لە ئێمە کرد تا کۆمەڵە یەك دروست بکەین و ئەو کارگەیە بدرێت بەو کۆمەڵەیە بەسەرپەرشتی وەزارەتی کشتوکاڵ ئەوەبوو لەسەر داوای ئەوان کۆمەڵەکەمان دروست کردو داوای دروستکردنی باڵەخانەیکیان کرد بۆ کارگەکەو دوای ماوەیەك گەڕان وبەدواداچوون بڕیاروابوو لە قەزای خەبات دروستی بکەین بەڵام دواتر خۆشبەختانە وەزیری کشتوکاڵی ئەو کات ئەو شوێنەی ئێستای پێدراین بە شێوەی کاتی تا ئێمە توانای دارایمان باش دەبێت و داواکارین حکومەتی هەرێم پارچەیەك زەویمان بۆ تەرخان بکات بۆ ئەو کارگەیە لەبەر ئەوەی ئەو کارگەیە هەرەوەزیەو دوای وەرگرتنی ئەو باڵەخانە کۆنە هەوڵماندا لەسەر پارەی خۆمان هەموو ئەندامانی کۆمەڵەکە پارەمان کۆکردەوە بوو بە نزیکەی 30 ملیۆن دینارو ئەو باڵەخانە کۆنەمان نۆژەن کردەوە بەرلە تەواو کردنی نۆژەن کردنەوەکە لەلایەن ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان پارەی نۆژەن کردنەوەکەمان بۆ دابین کراو پارەکە درا بە وەزارەتی کشتوکاڵ و دەست خۆشیمان لە حکومەتی هەرێم کرد بۆ هاوکاری کردنمان و لەوەتەی کارگەکە دامەزراوە هەموو ئەندامانی کۆمەڵە بە خۆبەخش کار بۆ کارگەکە دەکەین و چاومان لە پارە نییەو هیچ موچەیەکمان نییە خۆشم بە خۆبەخش کاردەکەم دیارە کاری ئەو کارگەیە لەمانگی ئادار تا مانگی 11کارکردن لەو کارگەیە دەوەستێت ئێمە لەکارگە خەریکی دەوام کردنین بە خۆ بە خشی.

جووتیارانی هەموو کوردستان دەتوانن زەیتون بهێنن

دەربارەی چۆنیەتی وەرگرتنی زەیتون نیعمەت مەولود گووتی: هەموو جوتیارانی کوردستان بۆیان هەیە زەیتون بۆ کارگەکەمان بهێنن و جیاوازی لە نرخەکان ناکرێت لە نێوان شارەکان وپاڵپشتی هەموو جوتیاران دەکەین وبەر لە دامەزراندنی کارگەکەی ئێمە کارگەی دیکەی ئەهلی هەبوو بۆ هەر تەنێك زەیتون بە 250 هەزار دینار لە جوتیارانی وەردەگرت و دەیکردە زەیت ئەوکات وەزیری کشتووکاڵ ڕای وابوو بۆ هەر تەنێك 100 هەزار دینار بێت، بەڵام ئێمە حەزمان کرد بۆ هەرتەنێك زەیتوون بە 75 هەزار دینار بێت و هەربەو نرخە ماوەو بۆ بەرژەوەندی جووتیاران کار دەکەین تا جووتیاران زیاتر سوودمەند بن لە بەرهەمی زەیتون لەهەمووی گرنگتر ئەوەیە زۆر حەز دەکەین هەموو جووتیاران بەدیار بەهەمی خۆیان بوەستن و بەرهەمی ئەو زەیتونە ڕۆنی زەیتونی خۆی وەربگرێتەوە ئینجا بڕوات، چەندین نموونەی ڕۆنی زەیتونی برا جووتیارانەکانمان هی ساڵانی ڕابردومان لەلایەو هەڵمان گرتووەو پارێزراوەوداوا لە براجووتیارەکانی خۆمان دەکەین لەکاتی لێکردنەوەی زەیتون پێویستە زەیتونەکە پێ بگات ئینجا لێی بکاتەوە تا بەرهەمی زەیتونەکەی باشترین جۆری زەیت بێت و زەیتونەکەی لەناو سندوق دابنێت باشترەوداوایان لێ دەکەین سەردانیان بکەن تاسندوقیان پێ بدەین تا زەیتونەکیان تێك نەچێت و باشترین جۆری زەیتون بەرهەم بهێنن،

پاڵەوانە تازەپێگەیشتووەکەی پاراگوای بۆ خەبات

هێلین گوادالۆپی: بەختەوەرم تاکە یاریزانی وڵاتەکەم بووم لە 20 باشترینەکانی ئەمەریکای باشوور





دیانە: هاوار مورتکەیی

هێلین ئەنابێل گوادالۆپی تەمەنی تەنها 14 ساڵە و یەکێکە لە شەترەنجزانە لاوە بەتواناکانی وڵاتی پاراگوای لە شەترەنج، چەندین جار نوێنەرایەتی وڵاتەکەی کردووە لە پاڵەوانێتییەکانی ئەمەریکای باشوور و ئەنجامیشی هەبووە، ئەو جگە لە یاری شەترەنج، یاریی کانی دیکە وەکو باسکە و گۆڕەپان و مەیدانیش دەکات، لاپەڕەی وەرزشی رۆژنامەی خەبات دیانەیەکی لەگەڵ ئەنجامداوە کە بەمشێوەیە باسی لەدەسکەوت و هەروەها کاتێک دەدۆڕێنێت چ هەڵوێستێکی دەبێت؟

بایەخی زیاتر بەیاریییەکەم دەدەم

هێلین Helen Anabel Guadalupe کە لە ساڵی 2006 لە شاری ئەسۆنسیۆن لە پاراگوای لەدایک بووە لەبارەی چۆنێتی ئاشنابوونی بە شەترەنج گوتی: لەخێزانەکەمدا کەسێکی وانییە کە زۆر زیرەک بووبێت لە شەترەنج، بەڵام باوکم و براکانم ئەو یاریییەیان زۆر خۆش ویستووە و بەردەوام لەمالەوە یاریان بەیەکەوە دەکرد، ئەمە وای لێکردم ئەو یاریییەم خۆش بوێت چونکە ئەوان کە یاریان دەکرد فێریان دەکردم کە چۆن داشەکان دەجوڵێنرێت و ناویان چییە، ئیتر بەدواوە خۆم زیاتر بایەخم پێدا و لە تەمەنی 9 ساڵیدا تەواو فێر بووم و لە ساڵی 2016 بۆیەکەمین جار بەشداریی پاڵەوانێتییەکی سەر ئاستی پاراگوام کرد بۆ خوار 10 ساڵی و خۆشبەختانە لەیەکەم تاقیکردنەوەمدا توانیم پلەی چوارەم بەدەست بهێنم، ئەم ئەنجامە وای لێکردم کە زۆر زیاتر لەجاران بایەخ بەو یاریییە بدەم، هەروەها شەترەنج بکەمە ئارەزوو و بەشێک لەژیانم، لە ساڵی 2017 فیستیڤاڵی لاوانی ئەمەریکای باشوور بەڕێوەچوو، بەنوێنەرایەتی وڵاتەکەم بەشداریم کرد و توانیم یەکێک بم لە باشترین 20 بەشداربووانی فیستیڤاڵەکە و تاکە یاریزانی پاراگوای بووم لەنیو ئەمانەدا، ئەمە خۆی لەخۆیدا پاڵنەرێکی باش بوو کە دەبێ زیاتر خۆم ماندوو بکەم و ئەرکی داهاتووم قورستر دەبێت.

دیاری بۆ وڵاتەکەم دەبەمەوە

ئەو کچە لاوەی پاراگوای زیاتر باس لە بەشداریی‌یەکانی دەکات و دەڵێت: لە ساڵی 2019 بەشداری پاڵەوانێتی لاوانی ئەمەریکای باشوورم کرد لە ئەرژەنتین و ئەگەرچی پلەی پێنجەمم بەدەست هێنا، بەڵام لە ئاستی خۆم رازی نەبووم چونکە دەمتوانی باشتر یاری بکەم، ئێستاش ئامانجی گەورەی من بریتییە لەوەی نازناوی پاڵەوانێتی ئافرەتانی جیهان بەدەست بهێنم، هەروەها بەیاوەری هەڵبژاردەی پاراگوای بەشداری لە ئۆڵۆمپیاد بکەم و دیاریییەک بۆ وڵاتەکەم ببەمەوە، هەروەها گوتی: شەترەنج سەرباری هەموو شتێک خۆشەویستیم پی دەبەخشێت کە ئەمەش بەلامەوە زۆر گرنگە، شەترەنج وەک داریکی بەرز وایە، هەوڵ دەدەم بگەمە لووتکەی ئەو دارە ئەوکات دەزانم شەترەنج چەندە بەنرخە.




بڕۆس:

یان بڕۆن یان لە شوێنێکی تاریک بمێننەوە

ستیڤ بڕۆسی ڕاهێنەری یانەی نیوکاسڵ یونایتدی ئینگلیزی داوای لە یاریزانە فەرامۆشکراوەکانی یانەکەی کرد کە باشترە بۆ خۆیان یانەیەکی تازە بدۆزنەوە و یاری لەوێ بکەن.

بڕۆس ئەو یاریزانەی کە لەدەرەوەی پلانەکانیدایە بۆ ئەم وەرزە، ئاگاداری کردنەوە کە یانەکە جێهێڵن، ئەگەرنا خۆیان لە شوێنێکی تاریک دەبیننەوە، ئەو ڕاهێنەرە دەڵێت: ڕاستە ئێمە 28 یاریزانمان هەیە، ئەمەش ئەوە ناگەیەنێت کە یانەکەمان لە حاڵەتێکی باشدایە، من دەتوانم تەنها 22 یاریزان ڕابگرم، ئەو یاریزانانەی لەدەرەوەی ئەو 22 یاریزانەشن، ئەوا شوێنیان لەناو یانەکە تاریک دەبێت ئەگەر نەڕۆن.



مێسی یاری کلاسیکۆ لەدەست دەدات

بەرشلۆنە و ڕۆنالد کۆیمان ئەگەری هەیە بێبەش بن لە توانا کانی لیۆنێل مێسی بۆ سێ یاری لەنێویاندا یاری کلاسیکۆ، ئەگەر بێتوو یاریزانەکە بەشداری یاریەکانی تانگۆ بکات بۆ پاڵاوتنی مۆندیال.

هەڵبژاردەی ئەرجەنتین مانگی داهاتوو دوو یاری ئەنجامدەدات، بەرامبەر ئیکوادۆر لە 8ی مانگ و بەرامبەر بۆلیڤیاش لە 13ی مانگ، بەپێی یاساکانی ئیستای ئیسپانیاش بێت، هەر کەسێک لە کیشوەری ئەمەریکای باشووروە بگەڕێتەوە دەبێت بۆ ماوەی 14 ڕۆژ خۆی کەرەنتین بکات، بەوپێیەش بێت مێسی سێ یاری لالیگا لەدەستدەدات بەرامبەر یانەکانی خیتافی، ئالاڤێس و ڕیال مەدرید.

لە ئێستاشدا مێسی لە لیستی یاریزانە بانگهێشتکراوەکانی ئەرجەنتین دایە، هەربۆیەش لە ئەگەری گەشتکردنی بۆ یاریەکانی هەڵبژاردەکەی، گومانی تێدا نابێت کە مێسی ناتوانێت بەشداری کلاسیکۆ بکات.



دی بڕۆین هۆشداری دەداتە لیڤەرپوول

گیڤین دی بڕۆینی یاریزانی یانەی مانچستەر سیتی بەتوندی هۆشداری دایە یانەی لیڤەرپوول کە زۆر زەحمەتە بتوانن بۆ دووەم جار لەسەر یەکتری پاریزگاری لە نازناوی خولی نایابی ئینگلیزی بکەن.

دی بڕۆین لەبارەی یانەکەی خۆی گوتی: کارەکان زۆر لەوە سەختتر بوو کە چاوەڕوانییان دەکرد، پێویستمان بەوە هەبوو باشتر لەگەڵیان بجەنگین، هەروەها گوتی: پێم وایە لیڤەرپوول دەتوانێت ئەم وەرزەش بگاتەوە هەمان ئاستی جارانی، بۆیە پیویست ناکات گۆڕانکاری بکات، بەڵام دەبێ ئەوە بزانن کە ناتوانن ئەم وەرزە بەرگری لە ناسناوەکە بکەن، ئیمە ئەوەی وەرزی ڕابردوو لەدەستماندا بەهەندمان وەرنەگرت، بۆیە لەم وەرزەدا ئەو حسابەمان کردووە ئەوەی لەدەستماندا بوو نابی ئەمجارە لەدەستی بدەین و جەنگی بۆ دەکەین.

گواردیۆلا: ئەگوێرۆ تا دوو مانگی دیکە ناگەڕێتەوە

پێپ گواردیۆلا، ڕاهێنەری یانەی مانچێستەر سیتی ئینگلیزی دەڵێت، سێرجیۆ ئەگوێرۆ بەهۆی پێکانەوە دوو مانگی دیکە ناگەڕێتەوە نێو یاریگەکان.

ئەگوێرۆ لە مانگی حەوتی ڕابردوودا تووشی پێکانبوو و بەو هۆیەوە نەشتەرگەرییەکی لە شاری بارسیلۆنا بۆ ئەنجامدرا.

هەرچەند ڕۆژی پێنجشەممە یاریزانەکە لە ڤیدیۆیەکدا دەرکەوت بە تەنیا ڕاهێنان بە تۆپ دەکات، بەڵام گواردیۆلا ڕەتیکردەوە ئەو یاریزانە لە داهاتوویەکی نزیکدا بگەڕێتەوە نێو یاریگەکان.

پێپ گواردیۆلا لەبارەی پێکانەکەی ئەگوێرۆ بە ڕۆژنامەوانانی گوت، پێکانەکەی قورسە، ئەوەی پێویستە بیکات دەیکات، لە ڕاستیدا ئەو پێویستیی بە مانگێک بۆ دوو مانگی دیکە هەیە بۆ ئەوەی بەتەواوی بۆ یاریکردن ئامادەبێت.

بەهۆی تووشبوونی ئەگوێرۆ بەو پێکانە، چاوەڕواندەکرێت ڕۆژی دووشەممە لە یەکەم یارییاندا بەرامبەر ولڤەرهامتۆن لە پڕێمەرلیگدا گابرییێل خیسوس سەرکردایەتی هێڵی پێشەوەی یانەکە بکات.



ماسك بەستن

خەبات XEBAT

Mon.21 Sep. 2020 No.:(6008)

KHABAT Daily Newspaper Kurdistan - Iraq

info@xebat.net
www.xebat.net

Organ of KDP

Concessioner: Ali Abdulla Editor-in-chief: Salam Abdulla

سەرنووسەر
سەلام عەبدوڵڵا
07702969696 07504459940

خاوەنی ئیمتیاز
عەلی عەبدوڵڵا

بەڕێوەبەری هونەری
شکار عفان نەقشبەندی
shkaraffan@gmail.com

سکرتێری نووسین
دڵشاد مستەفا وەسانی
dilshadmstafa@yahoo.com

ناونیشان: هەولێر - شەقامی سەرەکی مەسیف سەلاحەدین - بەرامبەر وەزارەتی پێشمەرگە - میدیا سەنتەر

بۆ ڕێکلام کردن پەیوەندی بکەن بە: 07509069595 یان ئیمێڵی reklam@xebat.net

بەشی ئاگادارییەکان: 07505881616


دادوەرانی فیستیڤاڵی نێودەوڵەتی فیلمی (لێلوون) لە ڕۆژئاوای کوردستان دیاریکران



ئاسەوارەم شێخ عزەدین

لە لایەن بەرپرسانی یەکەمین خولی فیستیڤاڵی نێودەوڵەتی فیلمی (لێلوون) لە ڕۆژئاوای کوردستان، ئەندامانی لێژنەی دادوەرانی ئەم ڕووداوە سینەماییە دەستنیشانکران، کە بریتین لە: «عەلی ئەحمەد بەدرخان- سەرۆکی لێژنەی دادوەران، دەرهێنەری کورد و مامۆستای زانکۆ لە وڵاتی میسر، (تووڕج ئەسڵانی - دەرهێنەر، سیناریۆنووس و بەڕێوەبەری وێنەگرتن لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، «بەڕۆژ ئاکرەیی - نووسەر، شاعیر، وەرگێڕ، فۆتۆگرافەر و ئەکتەر لە هەرێمی کوردستان، (بەندێتا ئارچێنتیری) - دەرهێنەری بەڵگەفیلم و ڕخنەگری سینەمایی لە وڵاتی ئیتالیا، «ئاپۆ و. بازیدی - دەرهێنەر و سیناریۆنووسی باکووری کوردستان و دانیشتووی وڵاتی ئەمەریکا و هەروەها خاتوو «ئێریک گۆنزالێس فلۆرێس - تۆێژەر و لێکۆڵەریی سینەمایی و مامۆستای زانکۆ لە وڵاتی مەکزیک.لەم خولەی فیستیڤاڵی نێودەوڵەتی فیلمی «لێلوون» ٥٨ فیلم لە بەشە جۆراوجۆرەکانی ئەم ڕووداوە هونەرییە، وەکوو هێمای ٥٨ ڕۆژ خۆڕاگریی قارەمانانەی خەڵکی عەفرین لە بەرانبەر هێرشەکانی سوپای داگیرکەری تورکیا بە شێوەی گشتی نمایش دەکرێن. فیستیڤاڵی نێودەوڵەتی فیلمی (لێلوون) بە یارمەتی (کۆمۆنی سینەمایی ئاڤرین کە ڕێکخراوەیەکی هونەریی سەر بە هونەرمەندانی عەفرینە،هاوکات لەگەڵ ڕۆژی جیهانی ئاشتی بەڕێوەدەچێت و مەبەست لە بەڕێوەچوونی ئەم ڕووداوە هونەرییە، «ئالۆوگۆڕیی فەرهەنگی و داکۆکیکردن لە بایخە هونەرییەکانە لە هەر ساتێك و کاتێك و بارودۆخێکدا». هەوڵی لەو چەشنە لە کاتی ئاوارەیی و لە ژێر مەترسی بەردەوامی شەڕ، هێمایەکە لە پێگەی بڵندی ئامانجە هونەرییەکان کە هونەرمەندە تێکۆشەرەکان هەیانە.یەکەمین خولی فیستیڤاڵی نێودەوڵەتی فیلمی «لێلوون» بە دروشمی «تەنیا بەگوڵێك نابێتە گوڵستان» و بە بەشداریی ٥٨ بەرهەم لە دەرهێنەرانی وڵاتانی جۆراوجۆری جیهان، لەوانە: ئیتالیا، ئەمەریکا، پۆڵەندا، دانیمارک، ئێران،ئوستورالیا، عێراق، هەنگاریا، ئیسپانیا، میسر، ئەفغانستان، شیلی، سووریا،ماڵت، لوبنان، هیندستان، یونان، تورکیا، ئەردەن، ئازەربایجان، تونس،مەغریب، هۆنگ کۆنگ، ئیرلەندا، ڤینزوئێلا و هەرێمی کوردستان لە سێ بەشی جیاواز، لەوانە: بەشی پێشبڕکێی «فیلمە بڵندە سینەماییەکان»، بەشی پێشبڕکێی «فیلمە بڵیند و نیوە بڵیندە دیکۆمێنتارییەکان» و هەروەها بەشی پێشبڕکێی «کورتە فیلم» بەرهەمی ساڵی ٢٠١٧ تا ٢٠٢٠ لە ڕۆژی ٢٣ی سێپتەمبەری٢٠٢٠ هاوکات لەگەڵ ڕۆژی جیهانی ئاشتی لە کەمپی ئاوارەکانی عەفرینی داگیرکراو هەڵکەوتوو لە ناوچەی شەهبا بەڕێوەدەچێت.

شانۆیی خەونێك ژیانی گۆڕیم نمایش دەکرێت



ڕێبوار هەورامی ـ خەبات

ڕەنگە زۆربەمان ناوی ئەم سەمایەمان بیستبێت و وەك هەر سەمایەکی ئاسایی سەیرمان کرد بێت ، بەڵام سەمای (فلامینکۆ) زۆر جیاوازە و پێچەوانەی سەماکانی تری جیهانە ، چونکە پڕە لە توڕەبوون و ڕاسان و هەستانەوە و بەگژداچوون ...

ئەو موزیکە گوزارشتکردنە لە ئەشکەنجەو ئازاری چەوساوەکان و ئەو ستەمکارییەی دەرهەقییان کراوە،یەکێ لەوان جەورو ستەمەکانی پاشای ئیسپانیا و ئەلیزابیسی شا ژن بووە ،کاتێ ساڵی ١٤٩٢ بەیاننامەیەکی دەرکردەوو تێیدا داوای ئەوەی کردووە کە هەر کەسێك لەو مەملەکەتە بێت و ئاینێکی غەیری ئایینی کاسۆلێکی هەبێت ، دەبێت ئاینەکەی خۆی بگۆڕێت بۆ مەسیحی ،بە تایبەت قەرەجەکان و موسڵمان و یەهودەکان .. بۆیە خەڵکەکە بە موزیك و سەما گوزارشتییان لەو خەمەی خۆیان کردووە... لە فلامینکۆدا سێ جۆرە گۆرانی هەیە : گۆرانی قوڵ - کە لێواو لێوە لە بەسەر هات و چیرۆکی تراژیدی و خەمباری ، گۆرانی مام ناوەندی کە لە دەربڕینی خەم و پەژارەییدا لەوەی یەکەمیان سووك تڕە ، هەروا گۆرانی سووك - کە ریتمەکەی خێراترە و هاوشان لە گەڵ گێتار دەڕوات .

پەرهەم شێخ عزەدین گیڤارا جەبار نووسەری (شانۆیی خەونێك ژیانی گۆڕیم) لەدیدارێکی کورت باسی ناوە ڕۆکی شانۆییەکە بۆخەبات دەکات و دەڵێت: ئەم شانۆییە باس لەم بارو دۆخەی ئێستای کوردستان دەکات کە ڤا یرۆسی کۆرۆنا بڵاو بۆتەوە هەروەها باس لە ڕێنما ییەتەندروستیەکان دەکات ، لەلایەکی دیکەوە باس لە مەترسیە کانی کۆرۆنا و خۆپارێزی و کەرەنتینە دەکات ، لە بە شەکانی دیکەی شانۆ نامەکە باس لە هەڵە بەکار هێنانی موبایل و تۆڕە کۆمەڵایەتیە کان دەکات ،نووسەر زیاتر دەڵێت:شانۆنامەکە هەر دوو لایەنی تراژیدیا و کۆمیدیا لە خۆ دەگرێ ، جگە لەوە یی کە ئامۆژگاریی و باس لە واقیعی کۆمەڵگای کوردیی دەکات باس لە خێزان و پەرتەواز بونی منداڵ دەکات لە ناو خێزان دا . هەروەها ئەم شانۆ نامەیە کارەکتەرەکانی لەو جۆرە کارەکتەرانەن کە(دوورو، ترسنۆك، درۆ) دەکەن وابیاریە ئەم کارە تازە یەمان بۆچەن ناوچەیەکی جیا جیا ببەین ئەمە دووەم شانۆنامەی ئێمەیە لەسەر دەمی کۆرۆنا دەکرێت. دەرهێنەری شانۆنامەکە بە شێوازێکی ڕاستی و لەسەر ڕێباز و میتۆدەکانی ستانسلا فسکی کاردەکات .



شانۆیی خەونێك ژیانی گۆڕیم بریتین لە: نووسینی (گیڤارا جەبار، دەرهێنانی: ئاکار بەکر،بەڕێوبەری شانۆ:ئەحمەد هیوا ،کاری ڕوناکی: کۆژین دڵشاد) لە نواندنی ئەکتەران(گیڤارا جەبار، ڕێناس ساڵح ،تاپلۆ ئەسوەد).



دیانا کەرەزون
چووە ناو قەفەزەی زێڕین



ئیسماعیل سەبور

دوای ئەوە ی لە سەرەتای سالی ٢٠٢٠ ئەلقەی دەستگیرانی لە گەل میدیاکاری بەناو بانگی ئوردنی (مەعاز ئەلحومرا) گۆرییەوە خانمەهونەرمەند دیانا کەرەزون لە لاپەری خۆیی لە شۆشیال میدیا ڕاگەیاند و گووتی ئەمرۆ ئاهەنگی هاوسەرگیرو گواستنەوەمە ئێمە تەنها لەگەلخێزان و هاوڕێیان و نزیکەکانمان ئەم ئاهەنگەمان گێرا بەهۆی ئەم باڕوو دۆخە پەیوەست ئەبین بەڕێنماییەکان وە هەروەها گووتی ئێمەچووینە ژیانێکی نوێ و خودا هە موان بپارێزێت .

دینا کەرەزون خانمە ئەکتەرو گۆرانیبێژی ئوردنی لەسالی ١٩٨٣ لەئوردن دایک بووە لەسالی ٢٠٠٣ نازناوی سوپەر ستاری عەرەبیوەرگرتووە.دیانا لەباوکێکی ئوردنی و دایکێکی بەرەچەلەک کورد لە دایک بووە وە لە بژنە کوردیە کان جلی کوردی لە بەر کردووە بەرهەمێکیگۆرانی بە زمانی کوردی بە ناوی خاکی شرین هەیە کە ئاوازەکەی لەلایەن ئاوازدانەری کورد هەلکەوت زاهیر بۆی داناوە